گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue 6 2024
ID No. 2386(PP142-162 )
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.6.8

توێژینەوە

# بەها پەروەردەییەکان لە ناوەرۆکی بابەتەکانی کتێبی کوردی قۆناغی بنەڕەتی - پۆلی سێیەم

**هەڤال حسين سعيد/** بەشی زمانی کوردی،کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی،زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەولێر ،هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە باس لە بەها پەروەردەییەکان لە ناوەرۆکی بابەتەکانی کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی وەرزی یەکەم، وەرزی دووەم، چاپی دووەم سالی ٢٠٢٣ بە نموونە دەکات. لە سەرەتای توێژینەوەکە بەشێوەیەکی تیۆری ڕەهەند و چەمک و زاراوە گرنگەکانی پەیوەست بە بابەتی سەرەکی تویژینەوەکە ڕوونکراوەتەوە. دواتر لە ئارگیومێنتی توێژینەوەکە بە پشت بەستن بە تیۆری پەروەردەکاری کەنەدی (جۆن گودلاد) بۆ گەشەپێدانی پرۆگرامی خوێندن، شیکاری ورد کراوە بۆ دەرخستنی ڕەنگدانەوەی جۆرەکانی بەها پەروەردەییەکانی وەک: کەسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆحی، کەلتوری، ژینگەیی، تەندروستی، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە ناوەرۆکی بابەتەکانی کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی سێیەمی بنەڕەتیدا. ڕێگاکانی وەسفی و شیکاری بەکارهاتووە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی تویژینەوەکە. پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکەش بریتییە لە: تا چەند جۆرەکانی بەها پەروەردەییەکان لە ناوەرۆکی بابەتەکانی کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی سێیەمی بنەڕەتیدا ڕەنگیانداوەتەوە؟ ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە، کە لەگەڵ لاوازی ڕەنگدانەوەی هەندێ بەهای پەروەردەیی، بەڵام تاڕادەیەکی زۆر جۆرەکانی بەها پەروەردەییەکان لە ناوەرۆکی بابەتەکانی کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی وەرزی یەکەم، دووەم، چاپی دووەم سالی ٢٠٢٣دا ڕەنگیانداوەتەوە

CORRESPONDENCE
هەڤال حسين سعيد
haval.saeed@su.edu.krd

وەرگرتن 2024/07/08
پەسندکردن 2024/08/27
بڵاوکردنەوە 2024/12/15

وشە سەرەکییەکان:
بەها پەروەردەییەکان،
پرۆگرامی خوێندن،
کتێبی خوێندنی کوردی سێی بنەڕەتی،
تیۆری جۆن گودلاد.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی:**

بەها یەکێکە لە بابەتە گرنگ و هەستیارەکان لە گشت بوارەکان، ئاراستەی ژیانی مرۆڤەکان دیاری دەکات، کاریگەرییان دەبێت لە سەر رەفتار و کردەوەکانیان لە ژیانی رۆژانەیاندا. بەهاکان هێندە گرنگن لە رێگەیانەوە شارستانییەتی کۆمەڵگا سەرکەوتووەکان بونیاد دەنرێن، وڵاتانی پێشکەوتوو لە ناو سیستەمەکانی پەروەردە و فێرکردندا گرنگییەکی زۆر بە بەهاکان دەدەن، هەوڵی بەدەستهێنانیان دەدەن، ئەمەیش لە رێگای دانان و جێگیرکردنی گشت جۆرەکانی بەها پەروەردەییەکان لە ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی خوێندن، واتە لە کاتی دانانی پرۆگرامەکانی خوێندن هاوتا لەگەڵ هەبوونی زانست، زانین (مەعریفە) و زانیارییەکان هەوڵدەدەن بەهاکان بەشێکی سەرەکی بن، بەتایبەتیش بۆ پرۆگرامەکانی خوێندنی قۆناغەکانی بنەڕەتی. لەبەر گرنگی بوونی پەیوەندی بەها پەروەردەییەکان بە ناوەڕۆکی پرۆگرمەکانی خوێندن، ئەم توێژینەوەیە لە سەر بنەمای تیۆری پەروەردەکاری کەنەدی (جۆن گودلاد) بۆ گەشەپێدانی پرۆگرامی خوێندن، لە ژێر ناونیشانی (بەها پەروەردەییەکان لە ناوەڕۆکی بابەتەکانی کتێبی کوردی قۆناغی بنەڕەتی - پۆلی سێیەم) تەرخانکراوە بۆ دەرخستنی ڕەنگدانەوەی جۆرەکانی بەها پەروەردەییەکانی وەک: کەسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆحی، کەلتوری، ژینگەیی، تەندروستی، بیرکردنەوەی رەخنەگرانە، لە ناوەڕۆکی بابەتەکانی کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستاندا.

لە پلانی ئەم توێژینەوەیە چەمک و زاراوەکانی سنوری توێژینەوە بە وردی ناسێندراون، کە پێکهاتوون لە: پرۆگرامی خوێندن، رەگەزەکانی پرۆگرامی خوێندن، ناوەرۆك، کتێبی بڕیاردراوی خوێندن، هەروەها لە چوارچێوەی تیۆریدا لە سەر بنەمای تیۆری (جۆن گودلاد)، بۆ گەشەپێدانی پرۆگرامی خوێندن، باس لە جۆرەکانی بەها پەروەردەییەکان و پرۆگرامی خوێندن کراوە، پێگەی بەها پەروەردەییەکان لە فەلسەفەی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا خراوەتەڕوو. پاشان بە شێوەیەکی کرداری ڕەنگدانەوەی جۆرەکانی بەها پەروەردەییەکان لە ناوەرۆکی بابەتەکانی کتێبی خوێندنی کوردی قۆناغی بنەڕەتی - پۆلی سێیەم بە وردی دیاریکراوە.

**پرسیاری توێژینەوە:**

پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوە بریتییە لە: تا چەند بەها پەروەردەییەکان لە ناوەرۆکی بابەتەکانی کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی وەرزی یەکەم، دووەم، چاپی دووەم ساڵی ٢٠٢٣دا ڕەنگیانداوەتەوە؟

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:**

1. ئاشنابوون بە چەمکی پرۆگرامی خوێندن بە واتا فراوانەکەی، بە چەمکی ناوەرۆك، کتێبی بڕیاردراوی خوێندن.
2. ئاشنابوون بە چەمکی بەها پەروەردەییەکان و جۆرەکانیەوە.
3. خستنەڕووی ڕەنگدانەوەی بەها پەروەردەییەکان لە ناوەرۆکی بابەتەکانی کتێبی خوێندنی کوردی قۆناغی بنەڕەتی-پۆلی سێیەم.

**ڕێبازی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە جۆری چوارچێوەی تیۆرییە (Research framework)، لە سەر بنەمای تیۆری جۆن گودلادەوە نووسراوە، بە بەکارهێنانی رێگاکانی وەسفی و شیکاری، لە پاڵ لایەنە تیۆری و ناساندنی چەمک و زاراوەکان، بۆ دەرخستنی ڕەنگدانەوەی جۆرەکانی بەها پەروەردەییەکان، شیکاری وردی کردووە بۆ ناوەرۆکی بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندنی کوردی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی.

**١. ناساندنی زاراوەکان**

**١-١- (Curriculum) مەنهەج، پرۆگرامی خوێندن**

بۆئەوەی بە باشی لەچەمک و واتای پرۆگرامی خوێندن یاخوود کتێبی خوێندن (ناوەرۆک) تێبگەین پێویستە لە چەمک و واتا فراوانەکەی (Curriculum) مەنهەج تێبگەین. بە شێوەیەکی زانستی رەگەز یان پێکهاتەکانی مەنهەج بخرێتەڕوو باسیان لێوەبکرێت.

تا ئێستا لە ناو دامودەزگاکانی تایبەت بە بواری پەروەردە و ناوەندەکانی خوێندن بە وەزارەتی پەروەردەیشەوە لە هەرێمی کوردستان لە زمانی کوردی لەبەرانبەر وشەی (Curriculum) ی ئینگلیزی و (مەنهەج)ی عەرەبی چەندین وشە و دەستەواژە بەکاردەهێنرێت، کە بریتین لە (بەرنامە، پرۆگرام، بەرنامەوپرۆگرام، پەیڕەو، پەیڕەو و پرۆگرام، مەنهەج، کتێبی بڕیاردراوی خوێندن، یان مەنهەجی خوێندن، کتێبی خوێندن). بۆ زیاتر ئاشنا بوون بەواتای وشەی (Curriculum، (مەنهەج) ئەوە پێویستە بگەڕێندرێتەوە بۆ سەرەتا و بنەڕەتی سەرهەڵدانی ئەم وشەیە.

بەگوێرەی سەرچاوە زانستییەکان وشەی curriculum یان مەنهەج لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ سەر زمانی لاتینی، کە وەرگیراوە یان پەیوەستە بە وشەی (currere) /کورێرێ/، ئەم وشەیەش بە واتای ڕاکردن بەتایبەتیش ڕاکردن لە مەیدانی پێشبڕکێی ئەسپسواری.

یۆنانی و رۆمانییەکان لە سەردەمی کۆن بەکاریان دەهێنا بۆ رێگاو رێرەوی پێشبڕکێی ڕاکردن، دواتر بە رۆیشتنی کات ئەم چەمکە گواستراوەتەوە و پەرەی سەند تا وای لێهات بەکارهێنرا بۆ پێشبرکێی دەستنیشانکردنی کەسانی بە هێز و بە توانا و ئاست بەرز. لە ناو بواری پەروەردە و فێرکردنیشدا وشەی (currere) بە واتای ڕێگا دێت، واتا ڕێگایەك بۆئەوەی منداڵان و قوتابییان بتوانن پێشبڕکێی فێربوونی لە سەر بکەن، یاخود ڕێگایەك بۆئەوەی بەهۆیەوە بگەن بەئامانجەكانییان (الزوینی، العروسی، حاتم، ٢٠١٣، ل. ١٧).

لە ناو ئاینی پیرۆزی ئیسلامیشدا خودای گەورە لە سورەتی (المائدة) لە ئایەتی (٤٨)دا دەفەرمویّت (لِكُلٍّ جعلنا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهاجاً)، كە مەبەستییەتی ئێمە بۆ هەر شتیك ڕێگا و پرۆگرامێک، مەنهەجێكمان داناوە تا لەسەری برۆن. هەر بۆیەش پێغەمبەرمان (د.خ) لە سەربێت هەمیشە قورئانی پیرۆزی وەك مەنهەج و ڕێگایەك بەكارهێناوە (قورئانی پیرۆز، سورەتی المائدة، ئایەتی ٤٨).

لەبەر فراوانی واتای چەمکی (Curriculum) مەنهەج تا ئێستا چەندین پێناسەی جۆراوجۆر بۆ (Curriculum) مەنهەج كراوە، توێژەر بەتایبەت لە ناو پەروەردە و فێركردندا چەند پێناسەیەک دەخاتەڕوو.

مەنهەج بریتییە لە "نەخشەرێگا" یان ڕێنمایی و پەیرەوێک بە دیسپلینێکی دیاریکراو. کە هەریەکێک لە دامەزراوەی پەروەردەیی و فەلسەفەی فێرکردن و وانەگوتنەوە لە سەر بنەمای مەنهەجێک دامەزراون و بۆ خزمەتی پەروەردە و زانست کاردەکەن (Ehsan, Ayub, Sadiq, 2024, P.1).

یان کۆی ئەو ئەزموونە پەروەردەییانەیە، کە قوتابخانە بە مەبەست پلانی بۆ داناوە بۆ ئەوەی گەشەیەکی گشتگیری لایەنەکانی کۆمەڵایەتی، دەروونی، ژیری و جەستەیی بۆقوتابییان بهێنێتە ئاراوە (National Steering Committee for National Curriculum Frameworks, 2023, P.11).

بەگوێرەی ئەم پێناسەیە Curriculum یان مەنهەج تەنها کتێبێك نییە، بەڵکو کۆمەڵێك چالاکی و ئەزموون، بەسەرپەرشتی مامۆستایان لەگەڵ قوتابییان ئەنجامەدەرێن بۆئەوەی مامۆستایان و قوتابییان بتوانن بەئامانج بگەن.

لە ڕوانگەی گەڕانەوە بۆ بنچینەی دروستبوونی وشەی curriculum یان مەنهەج بەشێوە فراوانەکەی بریتییە لەرێگا و پرۆگرام و رێرەوێکی گشتی تا قوتابییان و فێرخوازان لە سەری برۆن، ڕابهێنرێن بۆئەوەی بگەنە ئامانجێک و خاڵێک یان کۆتاییەکی ڕوون و دیار. ئەم ڕێگا و پرۆگرام و ڕێرەوە دەتوانرێت پێی بگوترێت پەیرەوپرۆگرام.

بەڵام لە هەرێمی کوردستان پەیرەوپرۆگرام زیاتر لە ناو بواری سیاسەت و کارە حزبیەکان بەکاردێت. لە بواری پەروەدە و فێرکردن و سەرچاوە پەروەردەییەکان زیاتر وشەی پرۆگرامی خوێندن بەکاردەهێنرێت.

بەپێی فەرهەنگی کامبریج (Cambridge Dictionary) ٢٣ وشەی هاوواتا (مرادف)، یان وشەی پەیوەندیداری بۆ وشەی کۆریکولام (Curriculum) داناوە، نزیکترینیان بریتیە لە (پرۆگرام) (Cambridge Dictionary, 2000).

کەواتە لە سەر بنەمای لێکدانەوەی بنەڕەتی واتا و دروستبوونی وشەی curriculum و ئەم بۆچوونانەی خرانەڕوو لە زمانی کوردیدا وشەی (پرۆگرامی خوێندن) گونجاوترینە. هەر لەبەر ئەمەیشە وەزارەتی پەروەردە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان وشەی پرۆگرامی خوێندن بەکاردێنن.

### ٢-١- ڕەگەزەكانی پرۆگرامی خوێندن (Curriculum)

پرۆگرامی خوێندن لە چەند ڕەگەزێک پێکدێت. بە نەبوونی هەریەکێک لەم ڕەگەزانەش پرۆگرامەکانی خوێندن توشی کێشە و گرفتی زانستی و پەروەردەیی دەبنەوە، کە لە سەر جێبەجێکارانی کاریگەریی دەبێت. بۆ ئەوەی بزانرێت، کە پرۆگرامی خوێندن، لەچی پێکهاتووە ئەوا پێویستە ئەم چوار پرسیارە ئاراستە بکرێت، کە بریتین لە:

1. بۆ فێردەبم؟ بە چ مەبەستێک و ئامانجێک فێردەبم (ئامانجەکان).
2. چی فێردەبم؟ ( ناوەرۆك).
3. چۆن فێربووم؟ (ڕێگاكانی وانەگوتنەوە و كەرەستە فێركارییەكان و كارامەییەكانی مامۆستا).
4. چۆن بڕیاردەدەم، کە چی فێربووم؟ (هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوە) لەهەر سیستەمێکی پەروەردە و فێرکردندا گرنگە بزانرێت ئەو ئامانجە پەروەردەییانە چیین، کە پێویستە قوتابخانە هەوڵی بەدەستهێنانیان بدات؟ بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە چ ئەزموونێکی پەروەردەیی دەتوانرێت پێشکەش بکرێت؟ چۆن دەتوانرێت ئەم ئەزموونە پەروەردەییانە ڕێکبخرێن و بە چ ڕێگا و تەکنیکێک بگوازرێنەوە بۆ ئەوەی کاریگەر بن؟ هەروەها چۆن دەزانرێت ئامانجەکان بەدی هاتوون؟

واتە: ڕەگەز و پێکهاتەکانی پرۆگرامی خوێندن بریتین لە (ئامانجە پەروەردەییەکان، ناوەرۆك یان کتێبی بڕیاردراوی خوێندن، ڕێگاكانی وانەگوتنەوە و كەرەستەكانی فێركاری، هەڵسەنگاندن (لەكاتی جێبەجێكردن و بەردەوامی چاودێریكردن). ئەم ڕەگەزانە بەشێوەیەكی

ڕاستەوخۆ کاریگەرییان بەسەر یەکەوە هەیە. یەکێک لە ڕەگەزە زۆر گرنگەکان بریتیە لە ناوەرۆك، کتێبی بڕیاردراوی خوێندن (الزوینی، العروسی، حاتم، ٢٠١٣، ل. ٢٧).

### ٣-١- ناوەرۆك، کتێبی بڕیاردراوی خوێندن

ناوەرۆك، کتێبی بڕیاردراوی خوێندن زادەی بیری کەسانی شارەزان، لەلایەن دەوڵەتەوە دادەڕێژرێن لەڕێگەی لێژنەیەک، کە پێکهاتووە لە کۆمەڵێک لە شارەزایانی پەروەردەیی و زانستەکانی تر، بەجۆرێک ئەم بەرنامانە و پرۆگرامانە دادەڕێژرێن، کە بگونجێت لەگەل ئەو زانست و پێشکەوتنانەی لە سەردەمی ئێستادا بوونیان هەیە، بەرچاوکردنی بنەما دیموکراسییەکان و بەها پەروەردەییە بەرزەکانی مرۆڤ و پاراستنی سەروەرەییەکانیان و مافەکانیان و پۆلین کردنیان بەگوێرەی ئاست و تەمەنی قوتابییان. توێژەر لەبەشەکانی داهاتوو ئەم بەها پەروەردەییانە دیاریدەکات، کە پێویستە لە قۆناغەکانی بنەڕەتی، بەتایبەتی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی بخوێندرێن.

ناوەرۆك، کتێبی بڕیاردراوی خوێندن بە یەکێک لە بابەتە گرنگ و هەستیارەکانی ناو سیستەمی پەروەردە و فێرکردن دادەنرێت، یەکێکە لە ئامرازەکانی پەروەردە و فێرکردن، بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی، کە پەروەردە بەدوایاندا دەگەڕێت بۆ بونیادنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو .

ناوەرۆك، کتێبی بڕیاردراوی خوێندن جگە لە وەی ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی پرۆگرامی خوێندن، بە ناوەرۆک و جەوهەری سەرەکیی پرۆگرامی خوێندنیش دادەنرێت پایەیەکی سەرەکیی دامەزراندنی پرۆگرامەکانی خوێندنە، هەر لەبەر ئەمەیشە زۆرجار بە کتێبی خوێندنیش دەگوترێت پرۆگرامی خوێندن یان مەنهەجی خوێندن (أبو صوي, ٢٠١٧).

ڕەگەزی ناوەرۆك، کتێبی بڕیاردراوی خوێندن زانستێکە پێکدێت لە چەمک، بنەما، بیرۆکە، زانست، زانیاری (زانین)، ئامانج و بەهاکان، لەسەر بناغە و بنەمایەکی ڕاستیی و لۆجیکی داندراون، بەشێکی هێندە گرنگە لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردندا، کە بەبێ ئەو کردار و پرۆسەی پەروەردە ڕوونادات. ناوەرۆك لە پرۆگرامی خوێندندا ئامرازێکە بۆئەوەی قوتابییان بەهۆیەوە بگەنە ئامانجەکانیان.

بۆئەوەی ناوەرۆکی کتێبی بڕیاردراوی خوێندن کاریگەری لە سەر پەروەردە و لایەنی زانستی هەبێت، ئەوا پێویستە لە سەر بنەماکانی فەلسەفە، کۆمەڵایەتی، دەروونی، زانین (مەعریفی) دابمەزرێت. بەگشتی تەمەن و ئاستی قوتابییان، مەیل و حەز و پێداویستی و توانای جەستەیی قوتابییان و دەروونییان لەبەرچاو بگرێت. هەروەها ناوەرۆکی کتێبی بڕیاردراوی خوێندن پێویستە واقیعی بێت و پەیوەندی بەو کۆمەڵگایەوە هەبێت، کە قوتابی تێیدا دەژی. واتا دابونەریتی کۆمەڵگا لەبەرچاوبگرێت، پێویستە زانیاری لە سەر هەموو ئاراستە، کە بریتین لە (بەهاکان، سندوقی مەعریفە، بیروباوەڕی پەسەندکراو، پێداویستییەکان) و ژینگەکانی ئەو کۆمەڵگایەی لە خۆبگرێت، کە قوتابییان تێیدا دەژین (الزوینی، العروسی، حاتم، ٢٠١٣، ل. ٨٨).

لەهەمووی گرنگتر ناوەرۆکی کتێبی بڕیاردراوی خوێندن پەیوەست بێت بەڕەگەزی یەکەم، کە بریتیە لە ( ئامانجە پەروەردەییەکان)، واتە دەبێت ئامانجە پەروەردەییە دیاریکراوەکان لە ناو بابەتەکانی کتێبی خوێندندا ڕەنگبدەنەوە. بە پێی توێژینەوەکان ئامانجە پەروەردەییەکان لە بەهاکانەوە وەردەگیرێت، لە بەر ئەوە پێویستە بەهاکان لە ناوەرۆکی کتێبی بڕیاردراوی خوێندندا ڕەنگبدەنەوە.

واتە گرنگە ئامانجە باڵاکانی دەوڵەت لە ناو بەش و پێکهاتەکانی ناوەرۆکی کتێبی بڕیاردراوی خوێندن ڕەنگبدەنەوە ، چونکە کتێبی بڕیاردراوی خوێندن یەکێکە لە وەسیلە گرنگەکان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان و بونیادنان و چەسپاندنی بەهاکان، لە ڕێگەی بەهاکانیشەوە کەلتوری کۆمەڵگە جیاوازەکان دروست دەبێت. توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بەدرێژی لە داهاتوو باسی ئەمە دەکات، وەک کێشە و گرفتی ئەم لێکۆڵینەوەیەش دەستنیشانکراوە.

لەکاتی داڕشتنەوەی فەلسەفەی پەروەردە و دیاریکردنی ئامانج و بەها پەروەردەییەکان، پێویستە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ئاستی فیکری و کەلتوری، بەها بەرزە مرۆییەکان و سیمبولەکانی کۆمەڵگا، لەگەڵ بارودۆخی کات و شوێندا لەبەرچاو بگیرێت.

هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بۆ نموونە: کوردستان دەوڵەت نییە، مەترسی لەسەرە، خاکەکەی داگیر کراوە، ژێردەستەیە، مەترسی لە ناوچوونی کەلتور و زمان و ناسنامەی لە سەرە، لەڕووی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی فرە چەشنە. کاتێک کتێبی خوێندن و پرۆگرامی خوێندن دادەڕێژریت پێویستە ئەو تایبەتمەندییانە تیایدا بەرجەستە بن و ڕەنگ بداتەوە.

### ١-٤- چوارچێوەی تیۆری

#### ١-٤-١- بەها پەروەردەییەکان

بۆ دەرخستنی پێگەی بەهاکان بەتایبەتییش بەها پەروەردەییەکان لە ناو فەلسەفەی پەروەردە و فێرکردنی هەرێمی کوردستان و کتێبی خوێندنی زمانی کوردی پۆلی سێیەمی بنەڕەتیدا، پێویستە چەمکی بەها و بەها پەروەردەییەکان و جۆرەکانی بخرێتەڕوو.

بەها یەکێکە لە بابەتە گرنگ و هەستیارەکان لە گشت بوارەکان، بەتایبەتیش لە ناو بواری پەروەردە و فێرکردندا، لێکۆڵەرانی پەروەردەیی بەگرنگییەوە دەڕواننە چەمکی بەها و جۆرەکانی، لەوە تێگەیشتوون، کە بەها یەکێکە لە بنەماکانی بونیادنانی کۆمەڵگای باش و سەرکەوتوو. بەهاکان کۆمەڵێك هزر و باوەڕی چەسپاون ئاراستەی مرۆڤ دەکەن بەرەو ئامانجەکانیان، ڕەنگدانەوەیان دەبێت لە سەر ڕەفتار، هەڵوێست، هەڵسوکەوت و کردەوەکانیان لە ژیانی کۆمەڵاتییاندا، ئەمر کۆمەڵە هزر و بیر و باوەڕە چەسپاوانە، کرۆك و ناوەرۆکی کەلتوریی و گیانیی کۆمەڵگا پێکدێنن (Gamage, Dehideniya, 2021, P.6).

مرۆڤەکان ژیانی خۆیان لە دونیادا بەپێی کۆمەڵێک بەها ڕێکدەخەن و هەوڵیشدەدەن چەند بەهایەک بەدەستبهێنن. بەها ئەو خەسڵەتەیە، کە کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و پایە بەرزی پێدەناسرێتەوە بەتایبەتیش بەها ئەرێنیەکان، کە  زۆربەی ئایینەکان بایەخی پێدەدەن، بەهاکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لە سەر ئاراستەی ڕەفتار و شێوازەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دەبێت، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین لە هەر شوێنێک ڕەوشتی بەرز و بەهای جوان هەبوو ئەوا شارستانیەت و پێشکەوتن لەو شوێنە بەرجەستەیە. لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا بەهاکان جۆرێکن لە جۆرەکانی ئامانج، گەیشتن پێیان جۆرێکە لە سەرکەوتن. بەتایبەتیش لە بواری پەروەردە، کە ئامانجە پەروەردەییەکانی لە بەها وەردەگرێت.

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی بەهاکان کۆمەڵێک خەسڵەتن لە هەندێک خەڵکدا هەن، وەک: دادپەروەریی و یەکسانی، ئازادی و دیموکراسی، ئازایەتی و بوێری، داوێنپاکی و ڕاستگۆیی،  خۆشەویستی و ڕێزگرتن...هتد. لەڕێگەی بەهاکان کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و پایەبەرز دەناسرێتەوە. دەتوانرێت بگوترێت لە هەر شوێنێک رەوشتی بەرز و و بەهای ئەرێنی و جوان هەبوو، ئەوا شارستانییەت و پێشکەوتنیش لەو شوێنە هەیە (صبری، ٢٠٢١، ل. ٩٦-٩٧).

 هەموو ئەوانە دەرخەری ئەوەن زانایان، بیرمەندان و پەروەردەکاران لە ژیانی مرۆڤدا گرنگیەکی زۆریان بە بەهاکان داوە و پێناسەی جیاوازیان بۆ کردووە، بەڵام ڕەنگە لە سەر ئەوە کۆک بن بەها ئەوخەسڵەتەیە، کە تاک بتوانێـت جیاوازی لە نێوان چاکە و خراپەدا بکات.

#### ١-٤-٢- بەها پەروەردەییەکان و پرۆگرامی خوێندن

پەروەردە لەسەر بنەمای بەها ئامرازێکە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگایەکی سەرکەوتوو. هەموو ئەو ڕەفتار و باوەڕە قبوڵکراوانەی، کە تاکەکان لە کۆمەڵگادا ڕۆژانە ئەنجامی دەدەن، لە ژێر کاریگەری بوونی بەها پەروەردەییەکانن، بەتایبەتی بەها ئەرێنییەکان.

ئێدوارد سمیس ستانلی دەڵێت: (دڵ و جەوهەری کەلتور بریتییە لە باو، یاسا، قەبولکراو و  گشتگیرەکانی کۆمەڵگایەک، دڵی باو و یاسا و قەبولکراو و گشتگیرەکانیش بریتین لە بەهاکان).

واتە هەموو ئەو هەڵسوکەوتانەی لە ژیانی ڕۆژانەدا ئەنجامدەدرێن کاریگەری گەشە و هەبوونی بەهاکانیان پێوەدیارە. بەهاکان ڕەوشت و هەڵسوکوتی مرۆڤ دیاریدەکەن و یارمەتیدەرن بۆ دیاریکردنی شێوازی ڕووبەڕوو بونەوەی کێشەکانی ژیانی ڕۆژانە، کاریگەری تەواوییان هەیە لە سەر بونیادنانی کەسایەتی تاک، کەلتورەکانی کۆمەڵگا و گرنگن لە پاراستن و درێژەپێدانی شارستانییەتی مرۆڤدا. لەبەر ئەوە دانانی بەهاکان لە ناو پرۆگرامەکانی خوێندنی قوتابخانەکاندا پێویستە، دامەزراوە پەروەردەییەکان بەتایبەتیش قوتابخانە وەک ئامرازێک دابنرێت بۆ بە پراکتیزەکردنی بەهاکان لە ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتیدا  (Beauchamp,1975, P. 85).

 بۆ پاراستن و هێشتنەوەی شارستانیەتی مرۆڤایەتی و درێژەدان بە پەروەردە و ژیانی بەرزی مرۆڤایەتی، دامەزراوە پەروەردەیی و ناوەندەکانی پەروەردە و زانست گرنگییەکی زۆرییان بە جێگیرکردن و دانانی بەها پەروەردەییەکان داوە لە ناو پرۆگرمەکانی خوێندندا، بە شێوەیەک  لە سەردەمی ئەمڕۆدا چەندین مۆدێلی دیزاین و دانان و پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندن، هەن کە بریتین لە (مۆدێلی تایلەر(Tyler) بۆ گەشەپێدانی پرۆگرامی خوێندن، مۆدێلی تابا (Taba) بۆ گەشەپێدانی پرۆگرامی خوێندن، مۆدێلی جۆن گودلاد (John Goodlad) بۆ گەشەپێدانی پرۆگرامی خوێندن، مۆدێلی ویلێر (Wheeler) بۆ گەشەپێدانی پرۆگرامی خوێندن، مۆدێلی کەیرس (Kerr's Model) بۆ گەشەپێدانی پرۆگرامی خوێندن) (Neendoor, 2024).

پەروەردەکار و تیۆریستی کەنەدی، جۆن گودلاد مۆدێلی گودلادی دانا بۆ بۆ گەشەپێدانی پرۆگرامی خوێندن. ئەم مۆدێلە جیاوازە بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن، بە جۆرێک لە سەر بنەما و  باوەڕێک دامەزراوە، کە  جەوهەر و کرۆک و هێزی جوڵێنەری سیستەمی

پەروەردەیی دەبێت پشت بە بەهاکان یان ئامانجەکان ببەستێت. بەشێوەیەک گودلاد بەهاکانی وەک سەرچاوەی بنەڕەتی و سەرەکی داتا، مەعریفە و زانیارییەکانی ناو پرۆگرامەکانی خوێندن داناوە (Beauchamp, 1975, P. 89).

گودلاد لە مۆدێلەکەی بۆ دانانی ناوەرۆکی پرۆگرامەکانی خوێندن چوار سەرچاوەی داتا و مەعریفە بەگرنگ دەزانێت، کە بریتین لە: ١. بەهاکان، ٢. سندوقی مەعریفە (Funds of Knowledge)، کە بریتییە لە کۆمەڵێک زانیاری و مەعریفە، کە لە سەر بنەمای ئەزموونە کەلتوورییەکان دامەزراون و بەشێکن لە کەلتوری ناوەوەی خێزانەکان، ئەزموونی کارکردن، یان ڕۆتینی ڕۆژانەیان. ٣. بیروباوەڕی پەسەندکراوی گشتی سەبارەت بە هەندێک بابەت، یان ئەو کۆمەڵە بیروباوەڕەی، کە زۆربەی خەڵک هەڵیانگرتووە. ٤. پێداویستی و حەز و ئارەزووەکانی قوتابییان (Neendoor, 2024).

بەگوێرەی مۆدێلی جۆن گودلاد بۆ گەشەپێدانی پرۆگرامی خوێندن، جگە لە هەبوونی سندوقی مەعریفە و بیروباوەڕی پەسەندکراوی گشتی و حەز و ئارەزووەکانی قوتابییان، بەهاکان سەرچاوە و بنەڕەتی دانانی پرۆگرامەکانی خوێندنن، لەبەر ئەوە لە تیۆرەکەی بۆ دانانی پرۆگرامی خوێندن دەڵێت: (بەهاکان خاڵی دەستپێکن لە دانان و بڕیاردان لە ناوەرۆکی پرۆگرامی خوێندن. هەروەها پێیوایە، کە بەهاکان پێوەر و سەرچاوەیەکی سەرەکی و گرنگن بۆ هەڵبژاردن و دیاریکردنی ناوەرۆکی پرۆگرامی خوێندن) ( Beauchamp, 1975, P. 89-90).

لە سەر بنەمای ئەم تیۆرە جێگیرکردن و دانانی بەهاکان لە ناوەرۆکی پرۆگرامی خوێندندا بابەتێکی گرنگە و دەبێت ڕەنگبداتەوە. بەتایبەتیش جێگیرکردنی بەها پەروەردەییە ئەرێنییەکان و دوورکەوتنەوە لە بەها نەرێنییەکانی وەک: باوک سالاری، پیاوەتی، ناوچەگەرێتی و خۆ بەگەورەزان..هتد.

زۆرجار دانانی چ جۆرە بەهایەک لە ناو پرۆگرامی خوێندن دەبێتە کێشە، لەبەر ئەوە پێویستە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ لە بوارەکانی پرۆگرم دانان ئەم کارە بەجێبگەیەنن، کە لەسەر بنەماکانی دانانی پرۆگرام کارەکە ئەنجام بدەن. توێژەر لە بابەتەکانی داهاتوو تایبەتمەندیی ئەو کەسانەی پرۆگرامی خوێندن دادەنێن دەخاتەڕوو.

بەگوێرەی پێناسەکانی بەها پەروەردەییەکان تیشک دەخاتە سەر دامەزراندنی کارەکتەر و پەروەردەکردنی تاکەکان لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئاکارەوە، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ چاندنی بەها مرۆییە گەوهەرییەکان لە مرۆڤدا، کەواتە دەتوانرێت بگوترێت، کە بەها پەروەردەییەکان کرۆک و گەوهەری مرۆڤی باشن (صبری، ٢٠٢١، ل. ١٠١).

بەم جۆرە بێت، بەها پەروەردەییەکان جەخت لە سەر بەها ئەرێنییەکانی وەک: ڕێزگرتن، ڕاستگۆیی، هاوسۆزی و بەها ئەخلاقییەکان دەکاتەوە، لەم ڕێگەیەوەش هەوڵدەدات ڕواڵەت و ناوەرۆکێکی باش و جوان و قبوڵکراو پەرەپێدەدات لای قوتابیان. پەرە بەگشت لایەنەکانی ژیری، دەروونی، جەستەیی، کۆمەڵایەتی و سۆزداری قوتابیان دەدات هانییان دەدات بیر لە کردەوەکانیان بکەنەوە و بەرپرسیارێیەتی هەڵبگرن و بەشدارییەکی کاریگەر و ئەرێنی لە کۆمەڵگادا بکەن.

لە ئەنجامدا بەها پەروەردەییەکان ئامانجی بونیادنان و گەشەپێدانی بەهان لای قوتابیان، بۆ ئەوەی ببنە مرۆڤ و هاوڵاتییەکی باش، ئەفلاتونیش دەڵێت: پەروەردە ڕاهێنان بە مرۆڤەکان دەکات لە سەر بەها باڵاکان و شکۆمەندی (علی، ٢٠٢٣، ل. ١٣). واتە بەها پەروەردەییەکان لەکارە هەرە پێشینە و سەرەتاکانی پەروەردەن.

لە سەر بنەمای تیۆرەکەی جۆن گودلاد و بۆچوونەکەی ئەفلاتون، لێرەدا توێژەر دەپرسێت: تا چەند جۆرەکانی بەها پەروەردەییەکان ڕەنگیانداوەتەوە لە ناوەرۆکی کتێبی خوێندنی زمانی کوردی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی؟

### ١-٤-٣- جۆرەکانی بەها پەروەردەییەکان

توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە چەندین ڕێگە هەیە بۆ پۆلێنکردنی بەها پەروەردەییەکان بە پشتبەستن بە ناوەڕۆک، ئامانج، توندی، گشتگیری، ڕوونی، بەردەوامی و ئایینی. (صبری، ٢٠٢١. ل. ١٢٦-١٢٩).

هەروەها بەگوێرەی بوارەکان بەها پەروەردەییەکان دابەشکراوە بەسەر بەهای مرۆیی، ئاینی، کۆمەڵایەتی، پیشەیی، سیاسی JU'S (Exam Prep, 2023).

بەها پەروەردەییە سەرەکییەکان چەند بابەتێکی جۆراوجۆری پەیوەست بە هاووڵاتیبوون، کە ڕەفتار و ڕەوشت و ئاکار دەگرێتەوە، توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بەشێوەیەکی گشتی و بە وردی جۆرەکانی بەها پەروەردەییەکان بەسەر چەند جۆرێکی سەرەکی و گشتی دا دابەشدەکات، کە ئەمانەن:

**یەکەم: بەها پەروەردەییە کەسییەکان**

ئەم بەهایە گرنگی بە بونیادنان و پەرەپێدانی ئەو بەهایانە دەدات، کە سیما و ئاکاری مرۆڤەکان دەخەنە چوارچێوەوە، بەها پەروەردەییە کەسییەکان، کەسایەتی مرۆڤ دروست دەکەن. لە ڕێگایانەوە کۆمەڵێک ڕەوشتی جوان و چاکەی وەک (ڕاستگۆیی،

ڕاشکاوی، دڵسۆزی، شانازی و شکۆمەندی، بەرپرسیاریەتی، خۆڕێکخستن (دیسپلین)، پاراستن، هاوسۆزی، سادەیی و لێبوردەیی، سوپاسگوزاری، متمانەبەخۆبوون، بەرگریکردن و ئازایەتی) لای مرۆڤەکان بونیاد دەنێت.

بەها پەروەردەییە کەسییەکان کاریگەرییەکی زۆریان لە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ هەیە. ئەم بەهایانە بەشدارن لە بونیادنانی ناسنامەی کەسی و کۆمەڵایەتی مرۆڤدا. هەروەها ئەو بەهایانەن کاتێک تاک فێریان دەبێت، پابەندیان دەبێت کاریگەری لە سەر کەسایەتی و ڕەفتارەکانی تەواوی ژیانی داهاتوویاندا دەبێت (Gamage, Dehideniya, 2021, P . 3).

**دووەم: بەها پەروەردەییە کۆمەڵایەتییەکان**

بەها پەروەردەییە کۆمەڵایەتییەکان جەخت لە سەر ئەو بەهایانە دەکەنەوە، کە پەیوەندییان لەگەڵ کۆمەڵگادا هەیە، بەها کۆمەڵایەتییەکان ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ ڕێکدەخەن، بریتین لە (بەخشندەیی، خزمەتگوزاری، دادپەروەری، یەکسانی، هاوسۆزی، بەوەفابوون، لێبوردەیی، هاوکاری، ڕێزگرتن، هاوڕێیەتی، پێکەوەژیان، هەمەڕەنگی یان جۆراوجۆری، دیموکراسی، نەرمونیانی و دوور لە توندوتیژی). بەها پەروەردەییە کۆمەڵایەتییەکان هەوڵدەدات هاووڵاتییان لە ناو کۆمەڵگادا هۆشیاربن لە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵایەتیدا هەست بە بەرپرسیارییەتی بکەن (Türkkahramana, 2014, P. 635).

**سێیەم: بەها پەروەردەییە ڕۆحییەکان**

بەها پەروەردەییە ڕۆحییەکان پەرە بە ڕێزوشکۆی مرۆڤ دەدەن، کە پەیوەندییان بە ڕۆح و ناخی مرۆڤەوە هەیە، جۆرەکانی بریتین لە (ڕاستی، خۆشەویستی، خۆگری و ئارامی، دوور لە چاوەڕوانیبوونی پاداشت و بەرژەوەندی یان بێبەرژەوەندی، ڕەوشت بەرزی، ئاشتی، ناتوندوتیژی، قوربانیدان، بەزەیی). بە فێرکردن یان بونیادنانی پەروەردەی بەها ڕۆحییەکان، ڕۆح و ویژدانی مرۆڤ بە جوانی پەروەردە دەکرێت لەئەنجامدا مرۆڤێکی باش بەرهەم دێت. بە چاندنی بەها پەروەردەییە ڕۆحییەکان، مرۆڤ هاوسەنگی لە نێوان ویژدان و ڕوکەش و کردارەکانیاندا بونیاد دەنرێت، دەزانن کە جگە لە بەدەستهێنانی دەستکەوتی ماددی و سەرکەوتنی مرۆڤ، گرنگە خۆشەویستی و ڕێزی دوور لە خۆپەرستی و چاو نەبڕینە پاداشت و بەرژەوەندی بۆ کۆمەڵگا هەبێت.

**چوارەم: بەها پەروەردەییە کەلتوورییەکان**

بەها پەروەردەییە کەلتوورییەکان بەهاو نرخ بە دابونەریت و میراتە کەلتوورییەکانی مرۆڤ دەدەن، لە ڕێگایانەوە مرۆڤ بنەچە و شوناس و ناسنامەی خۆی دەزانێت. بەها کەلتوورییەکان کۆمەڵگاکان لە قاڵب دەدەن، گرنگترین بەشەکانی بریتین لە: (ڕێزگرتن لە گەورەکان، میواندۆستی، ڕێزگرتنی دراوسێ، پاراستنی دابونەریتە قەبوڵکراوە باوەکان، لێبوردەیی بۆ هەمەجۆریی، پیکەوەژیان، هاوئاهەنگی لەگەڵ سروشت، ئاهەنگ گێڕان بە نەریتەکان).

بەها کەلتوورییەکان بریتین لە نۆرم و بنەما هاوبەشەکانی کۆمەڵگایەک، کە ڕێنمایی ڕەفتار و هەڵوێستی تاکەکانی دەکەن. کاریگەرییان لە سەر چۆنیەتی پەیوەندیکردن و کارلێککردن و هاوکاریکردنی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر دەبێت، هەروەها لەگەڵ چۆنیەتی هەستکردن و لێکدانەوەی دەوروبەریان.

**پێنجەم: بەها پەروەردەییە ژینگەییەکان:**

بەها پەروەردەییە ژینگەییەکان خۆشەویستی و گرنگیدانە بە سروشت لە ڕێگەی بەهاکانی وەک: (ڕێزگرتن و خۆشویستنی ڕووەک و ئاژەڵ، تێکەڵاوبوونی سروشت، ژیانی سادە، دوورکەوتنەوە لە تەکنەلۆجیا و ئیکۆسیستەم). ئامانجی پەروەردەکردنی هاووڵاتیانە بە هۆشیاریی ژینگەیی. ئەم بەهایە مرۆڤ فێردەکات، کە لە لایەنی ژینگەیی، کۆمەڵایەتی، ئاکاری، ئیکۆلۆژییەوە هاوڵاتییەکی بەرپرسیار بێت .

**شەشەم: بەها پەروەردەییە تەندروستییەکان**

یەکێک لەو هەڕەشانەی کە ئەمڕۆ ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی دەبێتەوە، مەترسە تەندروستییەکانە، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی سیستەمی تەندروستی و پەروەردەیان لاوازە. سیستەمی تەندروستی و پەروەردە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە، بۆیە پەروەردە و دامەزراندنی سیستەمێکی تەندروستی پێشکەوتوو گرنگە. پێویستە زۆرترین زانیاری و هۆشیاری تەندروستی لە ڕێگەی پەروەردەوە بدرێت بە منداڵان، بە هێنانە ناوەوەی بەها تەندروستییەکان لە پرۆگرامی خوێندن و سیستەمی پەروەردە بە گشتی.، تا لەم ڕێگەیەوە مەترسیە تەندروستییەکان کەم بکرێتەوە بە پەروەردەکردنی منداڵان بە هەڵوێستی دروستی وەک (خۆپاراستن، گرنگیدان بە پاک و خاوێنی، وەرزشکردن، خواردنە تەندروستییەکان، گرنگیدان بە ڤیتامین و خۆراکە سوودبەخشەکان، بە هەمەجۆری خواردن و کەمخواردن، هەروەها دوورکەوتنەوە لە خواردنە زیانبەخشەکانی وەک: خواردنە خێراکان (فاستفوود)، ئەندۆمی و خواردنە لە قوتو هەڵگیراوەکان (Sharma, 2024).

**حەوتەم: بەهای پەروەردەیی بیركردنەوەی ڕەخنەگرانە**

ئەم شێوازە بیركردنەوەیە تاك فێردەكات دەكات كوالێتی زانیاری بناسێت، چاوكراوە بێت بتوانێت ڕەخنەی بونیادنەر بگرێت، هەروەها یارمەتیدەری ئەندامانی كۆمەڵ بێت بۆ چارەسەركردنی كێشەكان.

بیركردنەوەی ڕەخنەگرانە دەرفەت دەدات بە قوتابیان بۆ خۆناسین و فێربوونی خۆبەڕێوەبردن. ئەو قوتابییانەی، كە بیركردنەوەی ڕەخنەگرانە بەكاردەهێنن، بە بیركردنەوەیەكی دەوڵەمەندتر و كاریگەرترەوە لە ژیان نزیك دەبنەوە، پرسیاری قورستر دەكەن، چالاكتر بەشداری پرۆسەی فێربوون دەكەن، بەجۆرێك پرۆسێسی فێركردن لایان لە سەر بنەمای زانین (كۆگنەتیڤانە) دەبێت، كە ئەم چەمكە پرۆسەیەكی ژیرییە پەیوەستە بە زانین و فێربوونێكی قووڵ بۆ تێگەیشتن لە شتەكاندا بەشدارە، واتە زانین (كۆگنەتیڤ) پەیوەستە بە زانینی قووڵ و واتادار، هەنگاوی زانینیش لە هزر، كۆتا هەنگاوە لە هەنگاوەكانی پرۆسێسەكانی هەستكردن، ناسینەوە، بیركردنەوە و بەڵگەهێنانەوە (ئیستدلال)، تێگەیشتن هەڵسەنگاندن.

یەكێكیش لە ئەركەكانی بەهاكان بریتییە لە شێوازەكانی بیركردنەوە و ڕەفتاركردن، واتە بەهاكان كاریگەرییان لە سەر بیركردنەوەی مرۆڤەكان هەیە (Raj, T. Chauhan,P. Mehrotra, P. Sharm, M, 2022, P.127).

بەها پەروەردەییەكان بەگشتی سەرنجییان لەسەر چاندنی ئەم حەوت جۆرە بەها پەروەردەییەیە، كە دەسنیشانكراون، بە نموونە بەهاكانی وەك: هاوسۆزی، دەستپاكی و بەزەیی لە قوتابییاندا. ئامانجی پەرەپێدانی كارەكتەر و ئاكارە لە ڕێگەی بەكارهێنانی بەهاكانی وەك: ڕێزگرتن، ڕاستگۆیی لە ژیانی ڕاستەقینەدا. ئامانج پەروەردەكردنی هاوڵاتی بەرپرسیارە، لەهەمووش گرنگتر تاكەكان توانایان هەبێت و لەشیكردنەوە و هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتنی بونیادنەر، گرنگی بدەن بە كوالێتی زانست و زانیارییەكان بە ڕێگایەكی دروست توانای چارەسەركردنی كێشەكانیان هەبێت، بۆ هەلسانگاندن و دیبەیتەكانیان پشت بە بەڵگە و فاكت ببەستن، لەبەرئەوە ڕەنگدانەوەی بەهاكان لە ناوەڕۆكی كتێبی خوێندندا گرنگە.

**١-٤-٤- پێگەی بەها پەروەردەییەكان لە ناوەڕۆكی بنەما فەلسەفییەكانی پەروەردە و فێركردن لەهەرێمی كوردستاندا**

زۆربەی پایە گرنگەكانی ژیانی كۆمەڵایەتیی مرۆڤ لە ناو فەلسەفەی پەروەردەدا جێگیر دەكرێت، بێگومان ئەگەر دەوڵەت پلانی پێگەیاندنی كۆمەڵگایەكی پێشكەوتووی هەبێت، یان كۆمەڵگایەك بڕوای بە چەسپاندنی بەها پەروەردەییەكان هەبێت، بەگشتی كۆمەڵگایەك بێت هەموو خەسلەتەكانی مرۆڤبوونی تێدابێت، ئەوا پێویستە بەها پەروەردەییەكان جێگیر بكات لە ناو فەلسەفەی پەروەردەییدا.

دەوڵەت بەشێكی گەورەی ئامانج و ستراتیژییەت و دووربینی خۆی لە ئامانجە پەروەردەدییەكاندا دەبینێتەوە، ئامانجە پەروەردەییەكانیش لە بەهاكانەوە وەردەگیرێت، واتا هەر وڵاتێك بیەوێت ئامانجە گشتییەكانی خۆی، وەكو ئامانجە سیاسی، ئابووری، كۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەكان...هتد، بەدەست بێنێت ئەوا لە ڕێگەی ئامانجە پەروەردەییەكانەوە لە ناو پرۆسەی پەروەردە و فێركردندا بەدەستییان دێنێت. لە بەرئەوە ڕەنگدانەوەی بەها پەروەردەییەكان لە ناوەڕۆكی پرۆگرامی خوێندندا گرنگە، چونكە ئامانجە پەروەردەییەكان ناوەڕۆكی فەلسەفەی پەروەردە پیكدەهێنن، یەكێكیش لە بوارە باوەكان لە ناو فەلسەفەی پەروەردەدا بریتییە لە هەڵوێست و بەها و بیروباوەڕی تاك.

پێش ئەوەی ڕەنگدانەوەی بەها پەروەردەییەكان لە ناوەڕۆكی كتێبی كوردیی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی بخرێتەڕوو، گرنگە پێگەی بەها پەروەردەییەكان لە فەلسەفەی پەروەردەی هەرێمی كوردستاندا دیاری بكرێت.

وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی كوردستان لە بەرواری (٢٠٢٣/٢/٢٧)، ژمارە (٢٩٨)ی ڕۆژنامەی فەرمی هەرێمی كوردستان (وقائع كوردستان)، كە وەزارەتی داد دەریدەكات، یاسای (١٣)ی سالی ٢٠٢٢ تایبەت بە یاسای پەروەردە و فێركردن لەهەرێمی كوردستان-عێراقی، بڵاوكردەوە. جێگای ئاماژە پێكردنە لە ٢٠٢٢/١١/١٥ پەرلەمانی كوردستان ئەم یاسایەی پەسەند كرد، هەڵبەت لەبەر ئەوەی ٢٠٢٢/١١/٦ ماوەی یاسای پەرلەمان بەسەرچوو بوو، حكومەتی فیدرالی ئەم یاسایەی ڕەتكردەوە، بەڵام حكومەتی هەرێمی كوردستان پابەندی ئەم بڕیارەی حكومەتی فیدرالی نەبوو بە بڕیارێكی سیاسی زانی، بۆیە تا ئێستا كار بەم یاسایە دەكات و سوودی لێدەبینێت. لەم یاسایەشدا بەشی دووەمی تەرخانكراوە بۆ (بنەما گشتی و فەلسەفییەكانی پەروەردە و فێركردن)، هەڵبەتە تەوەری یەكەمی ئەم بەشە ماددەی دووەم، كە سێ بڕگەیە تایبەتە بە (بنەما فەلسەفییەكانی پەروەردە و فێركردن) لە هەرێمی كوردستان. خۆشبەختانە لە هەرسێ بڕگەكەدا بەشێوەیەكی گشتی جەختی لە سەر چەند بنەمایەكی گرنگی فەلسەفی كردووە، وەك:

یەكەم: بونیادنانی توانایی تاك، بەشێوەیەك خوێندەوار، هۆشیار، داهێنەر بێت، دیموكراسی خوازبێت، هەوڵی گەشەپێدانی كۆمەڵگایەكی پێشكەوتووی دیموكراسی بدات، بە بنەماكانی دادپەروەریی كۆمەڵایەتی، یەكسانی لەنێوان ڕەگەزەكان، گیانی پێكەوەژیانی ئاشتییانەو مرۆڤدۆستی، خۆشویستنی خاك و پاراستنی ژینگە.

دووەم: قوتابی تاکی خاوەن خواستی فێربوون، توانستی شیکردنەوە و ڕەخنەگرتن، توانای تێگەیشتن، قبوڵکردنی دیدوبۆچوونی جیاواز، گوزارشت لە خۆکردنی ئازاد، بوێرانەیان هەیە، ئامادەیە بۆ کارکردنی داهێنەرانە و جێبەجێکردنی کارامەییە بنەڕەتییەکان، هەلگرتنی بەرپرسیارێتی لەداهاتوودا.

سێیەم: گەشەپێدانی گیانی ڕێزگرتن لە بەها نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییە باڵاکانی کۆمەڵگەی کوردستانی لە پروسەی پەروەردە و فێرکردن و ڕاهێنانی قوتابی، خوێندکار لە سەر متمانەبەخۆبوون، داکۆکیکردن لەمافەکانی مرۆڤ، ئازادییە گشتییەکان لەچوارچێوەی دەستور و یاسا کارپێکراوەکان و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییە پەسەند کراوەکاندا (وقایعی کوردستان، ٢٠٢٣، ل. ٥).

گرنگە پێگەی ئەو بەها پەروەردەییانە دیاری بکەین، کە لەم سێ خاڵەی فەلسەفەی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا ڕەنگییانداوەتەوە، کەواتە ئەو بەهایانەی ئاماژەیان پێدراوە لە ناو بنەماکانی فەلسەفەی پەروەردە و فێرکردنی هەرێمی کوردستاندا بریتین لە: (دیموکراسی، دادپەروەری، یەکسانی، پێکەوەژیان، ئاشتی، مرۆڤدۆستی، خۆشەویستی خاک، پاراستنی ژینگە، ئازادی، بوێری، توانستی شیکردنەوە و ڕەخنەگرتن، قەبوڵکردنی بیروبۆچوونی جیاواز، هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، ڕێزگرتن، متمانەبەخۆبوون، بەها نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان، داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ).

بەگوێرەی خستنەڕووی جۆرەکانی بەها پەروەردەییەکان دەتوانرێت بگوترێت لە ناوەڕۆکی بنەما فەلسەفییەکانی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا بەشێک لە بەها پەروەردەییە گرنگەکانی وەک (کەسی، ڕۆحی، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی، تەندروستی، کەلتوری، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە) ئاماژەیان پێدراوە. هەریەکێکش لەئەمانە گرنگن بۆ بونیادنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و سەرکەوتوو.

گرنگە هەموو جۆرەکانی بەها پەروەردەییەکان بە تەواوی ڕەنگبدەنەوە لە ناو فەلسەفەی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا، دواتریش شۆڕکردنەوە و جێگیرکردنییان لە ناو پرۆگرامی خوێندن و ناوەڕۆکی کتێبەکانی خوێندندا. گومانی تێدا نیە دیاریکردنی بنەما گشتی و فەلسەفییەکانی پەروەردە و فێرکردن لە ناو سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا لەکابینەی نۆیەمدا تروسکاییەکە بۆ ڕووناکردنەوەی تاریکی داهاتووی نەوەکان، بۆیە جێگای دەستخۆشی و پێزانینە لەگەل هەبوونی چەند تێبینییەک، کە پێویستە ئەم تێبینیانە لەتوێژینەوەکی تردا لە داهاتوو باسان لێوەبکرێت.

جگە لە ئاماژەپێکردنی بەشێک لە بەها پەروەردەییەکان لە بنەما فەلسەفییەکانی پەروەردە و فێرکردن لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا، لە کتێبی سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتییەکان، سیستەمی قوتابخانە ئامادەییەکان، کە لە ساڵی ٢٠٠٩ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاوی کردۆتەوە. لە بەندەکانی دوو، سێ، چوار، پێنج و شەشی دەروازەی یەک (بنەما گشتیەکان و زانست)ی ئەم کتێبە، ئاماژە بەکۆمەڵێک بەها باڵاکانی پەروەردەیی دراوە، کە لەخۆیدا بەشێکی گرنگی ناوەڕۆکی فەلسەفەی پەروەردەیین. بۆ نموونە: لە خاڵەکانی ١، ٢، ٣ ی بەندی دووەم دا، ئاماژە دراوە بە بەهاکانی وەک: کەسایەتی، گەشەپێدانی هزری، جەستەیی، گیانی، ڕەفتاری، تەندروستی و دەروون پاکی و مێشک کراوەیی، خۆشەویستی بۆ نیشتیمان و خاک و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ، خۆشەویستی بۆ زانست و زانیاری و کارکردن .

لە بەندی سێ ئاماژە بە بەهاکانی وەک: یەکسانی، تەندروستی، فرە ڕەهەندی و پێکەوەژیان و دادپەروەریی دراوە. پەرەبدرێت بە گەشەسەندنی (کۆگنەتیڤانە)، جێگای ئاماژە پیکردنە بەهای (کۆگنەتیڤ) بەشێکە لەبەهای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و توێژەر لە جۆرەکانی بەها پەروەردەییەکان باسی لێوەکردووە.

لەبەندەکانی چوار و پێنج و شەشیشدا جەخت لە سەر کۆمەڵێک بەهای تری پەروەردەیی گرنگ کراوەتەو، کە بریتین لە: بڕوابەخۆبوون، پرەنسیپەکانی دیموکراسی، دلسۆزی، دەروون دروست، یەکسانیی نێوان ڕەگەزەکان نێر و مێ، ئازادی، بەرهەمهێنانی زانست، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە (حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٩، ل. ٦-٧).

بۆ ئەوەی بنەماکانی فەلسەفەی پەروەردە و فێرکردن کاریگەر بن، پێویستە ببنە کردار و جێبەجێبکرێن، یەکێک لە ئامرازەکانی جێبەجێکردنی بنەماکانی فەلسەفەی پەروەردە و فێرکردنیش سیستەمەکانی پەروەردەیە لە ڕێگای پرۆگرامەکانیان، کەواتە گرنگە بنەماکانی فەلسەفەی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، هەروەها بنەما گشتیەکانی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی ڕەنگبدەنەوە لە ناو سیستەمی پەروەردەدا بەتایبەتیش لە ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی خوێندندا.

توێژەر لە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا هەوڵیداوە ئەوە بخاتەڕوو جۆرەکانی بەها پەروەردەییەکان، کە بەشێکی گرنگی ناوەڕۆکی بنەماکانی فەلسەفەی پەروەردە و بنەما گشتییەکانی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان پێکدێنن تا چەند ڕەنگیانداوەتەوە لە ناوەڕۆکی یەکە و بابەتەکانی کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی سێیەمی بنەڕەتیدا؟

**٢. بەها پەروەردەییەكان لە ناوەڕۆكی بابەتەكانی كتێبی خوێندنی كوردی- قۆناغی بنەڕەتی - پۆلی سێیەمدا.**

**٢-١- كتێبی خوێندنی زمانی كوردی قۆناغی بنەڕەتی-پۆلی سێیەم- وەرزی یەكەم و دووەم، چاپی دووەم ساڵی ٢٠٢٣.**

سەرەتاكانی تەمەنی منداڵ یەكێكە لە قۆناغە زۆر هەستیارەكانی ژیانی مرۆڤ، پەروەردەكاران گرنگییەكی زۆریان بەم قۆناغە داوە، بە بۆچوونی پەروەردەكارانی وەك (جۆن ئامۆس كۆمینیۆس، ژان جاك ڕۆسۆ، فریدریك فرۆبل و ماریا مێنتۆسۆری) ئەزموونەكانی سەرەتای منداڵ لە كاتی لەدایكبوونەوە تا تەمەنی ٨ ساڵان كاریگەرییان لە سەر گەشەكردنی بونیادنانی مێشك هەیە، بەشێوەیەك بناغە بۆ هەموو فێربوون و ڕەفتار و هەڵسوكەتێكی داهاتوو دروستدەكات. یارمەتی منداڵان دەدات پەرە بە كارامەییەكانیان بدەن، كە پێویستیانە بۆ ئەوەی لەداهاتوو كەسێكی كاریگەرو باش بن لە ناو كۆمەڵگادا (Elkind, 2010).

ساڵانی سەرەتای قۆناغەكانی تەمەنی منداڵ دەتوانن كاریگەری جەستەیی، كۆمەڵایەتی، سۆزداری تەواویان لە سەر تەواوی ژیانی منداڵ هەبێت. واتە: پەروەردەكاران كۆكن لە سەر ئەوەی پەروەردەكردن لە قۆناغەكانی سەرەتایی تەمەنی منداڵدا كاریگەری ڕاستەوخۆیان لە سەر داهاتووی منداڵ دەبێت. لە ناو كوردیش باب و باپیران بەگوێرەی ئەزموونەكانی ژیانیان گوتوویانە: (خووی شیری تا پیری).

لەبەرئەوەی چۆنێتی پەروەردەكردن و دانانی پرۆگرامی خوێندن بۆ پەروەردەكردنی منداڵان لە قۆناغەكانی بنەڕەتی كارێكی هەستیار و گرانە پێویستی بە كەسانی شارەزا و لێهاتوو هەیە لە بوارەكانی پەروەردە و دەروونزانی و زانستەكانی پەیوەست بە پرۆگرامی خوێندن، لە هەرێمی كوردستان كەسانی شارەزا هەن لەبواری پرۆگرام دانان، بەڵام ئەوانەی خوێندنی باڵا (ماستەر و دكتۆرا)یان لە پرۆگرام (مەنهەج) داناندا تەواو كردووە ژمارەیان زۆر كەمە.

دانانی كتێب بۆ خوێندنی زمانی كوردی بۆ گشت قۆناغەكان دیسان كارێكی ئاسان نییە و پێویستی بە كەسانێكە شارەزاییان لە بوارەكانی پەروەردە، دەروونزانی، زمان، زمانی كوردی و هەموو زار و شێوەزارەكانی زمانی كوردی، زانستەكانی ڕێگاكانی وانەگوتنەوە و چالاكیەكان، ئامانج و بەها پەروەردەییەكان و هونەر و زانستەكانی وێنەكێشان و زانستەكانی پرۆگرام داناندا هەبێت.

كتێبی خوێندنی زمانی كوردی قۆناغی بنەڕەتی- پۆلی سێیەم بەشێكە لە پرۆگرامی خوێندنی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی كوردستان، لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان-عێراق- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەكانی بەشی كوردییەوە دەرچووە.

ئەم كتێبە لە لایەن لێژنەیەكەوە دانراوە ، كە پێكهاتووە لە بیست ئەندام، بریتین لە (صادق احمد عثمان، نـاهدە رحمان ابراهیم، عبدالله حسن قادر، اسماعیل محمد عبدالله، گوڵنار حمدأمین عزیز، سلیم علی عمر خالد، احمد علی محمدأمین، نەمام جمال رشیـد، رشید مصطفی عبدالله عمر، محمود عبدالكریم قادر، سعدی حمەعزیز حمەشریف، چیمەن محمود عبدالله، اسعد عزیز محمد، ئاوات ابوبكر أحمد محمد، پروین محسن عبدالكریم، انـور عارف حسین، بەیان أحمد رشید، ئەژین صالح أحمد، حسێن علی محمد، خلیل حمدأمین خضر). بەداخەوە ئاماژە بە پسپۆرییەكانی ئەم بەڕێزانە نەكراوە، كە ژمارەیان زۆر زۆرە.

هەڵسەنگاندنی زانستی بۆ ئەم كتێبە لە لایەن هەریەك لە (دكتۆر صباح رشید قادر و دكتۆر ابراهیم قادر محمد) كراوە. هەروەها هەڵسەنگاندنی دەروونزانیشی لە لایەن (یوسف عثمان حمد) بۆ كراوە. سەرپەرشتی هونەری چاپكردنی كتێبەكەش لە ئەستۆی عوسمان پیرداود كواز و خالید سەلیم محمود بووە. لایەنێكی تری گرنگی ڕووكەشی ئەم كتێبە نەخشەسازییەكەیەتی لە لایەن (نەجمەدین جبرائیل ئەسعەد بیری) و تابلۆی بەرگ و نیگارەكانیش لە لایەن (ئاریان عبدالخالق سەرسام)ەوە ئامادەكراوە. چاپی دووەمی ئەم كتێبە ساڵی ٢٠٢٣ بووە. ئەم كتێبە لە دوو وەرز پێكهاتووە وەرزی یەكەم لە ٩٢ لاپەڕە و وەرزی دووەمیش لە ٧٢ لاپەڕە پێكهاتووە (لێژنەیەك لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەكان، وەرزی یەكەم، ٢٠٢٣، ل. ١-٢). توێژەر لە بابەتەكانی داهاتوودا بە درێژی باس لە ناوەڕۆكی ئەم كتێبە دەكات، بە تایبەت ڕەنگدانەوەی بەهاكان، بەڵام لە ڕووی ڕواڵەتەوە، ئەو ڕەنگانەی بۆ ئەم چاپەی ئەم كتێبە بەكارهێنراون كوالێتی دیقەیان باش نیە، بە جۆرێك ڕەنگەكان تەواو تێر نین، سەرەڕای بەردەستبوونی كەرەستەی پێشكەوتوو.

**٢-٢- جۆرەكانی بەها پەروەردەییەكان لە ناوەڕۆكی بابەتەكانی كتێبی خوێندنی كوردی پۆلی سێیەمی بنەڕەتیدا.**

پشت بەستن بە دیاریكردنی جۆرەكانی بەها پەروەردەییەكان و دەستنیشانكردنی (بنەما فەلسەفییەكانی پەروەردە و فێركردن)ی هەرێمی كوردستان و (بنەما گشتییەكان و زانست)ی كتێبی سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەكانی هەرێمی كوردستان و (تیۆرەكەی جۆن گودلاد بۆ گەشەپێدانی پرۆگرامی خوێندن)دا، شیكردنەوە بۆ ناوەڕۆكی بابەتەكانی كتێبی خوێندنی كوردی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی دەكرێت بۆئەوەی بیخرێتەڕوو، كە ئایا جۆرەكانی بەها پەروەردەییەكان لە ناوەڕۆكی بابەتەكانی كتێبی خوێندنی كوردی پۆلی سێیەمی بنەڕەتیدا ڕەنگیانداوەتەوە؟

لە سەرەتای وەرزی یەکەم لە لاپەڕە (٥ تا ٧)، وەرزی دووەم لە لاپەڕە (٥ تا ٦)، لەم کتێبەدا نەخشەی دانانی کتێبی خوێندنی کوردی (پۆلی سێیەمی بنەڕەتی ) هەیە، کە خشتەیەکە ئەم خشتەیە ناونیشان و یەکەی بابەتەکان و چالاکییەکانی تایبەت بە بابەتەکانی تێدا دیاریکراوە، لەهەمووی گرنگتر دیاریکردنی ئامانجەکانی هەر یەکێک لە بابەتەکانە، کە ئەمە وەک ڕێبەر و ڕێنیشاندەرێکە بۆ مامۆستایان تاوەکو بتوانن لە گوتنەوەی بابەتەکان جەخت لە بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانە بکەنەوە.

نابێت لە بیربکرێت یەکێک لەو پێناسانەی بۆ بەها کراون دەڵێت (بەهاکان تاکەکانی کۆمەڵگا بەرەو ئامانجە دیاریکراوەکان دەبات) (صبری، ٢٠٢١، ل. ١٠٠)، هەروەها لە سەرەتاکانی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەدرا، کە لەبوارە جیاوازەکانی ژیاندا بەهاکان جۆرێکن لە جۆرەکانی ئامانج، گەیشتن پێیان دیسانەوە جۆرێکە لە سەرکەوتن. هەروەها گوترا دەوڵەت ئامانج و ستراتیژییەت و دووربینی خۆی لە ئامانجە پەروەردەدییەکاندا دەبینێتەوە، ئامانجە پەروەردەییەکانیش لە بەهاکانەوە وەردەگیرێت.

کەواتە پەیوەندییەک لە شێوەی ئاوێتەبوون لەنێوان فەلسەفەی دەوڵەت (ستراتیژیەتی دەوڵەت) و ئامانجە پەروەدەییەکان و بەها پەروەدەییەکان هەیە. فەلسەفەی دەوڵەتیش دەبێت هەڵقوڵاوی سروشتی کۆمەڵگاکەی بێت بە ڕەچاوکردنی گشت بارودۆخەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئاینی، جیوگرافی، ئابووری، ڕۆشنبیری و دابونەریتەکان.

لەبەرئەوە گرنگە دەوڵەت فەلسەفە و ستراتیژیەتی ڕوون بێت بۆئەوەی ئامانجە پەروەردەییەکان، کە لە بەهاکانەوە وەردەگیرێن بەئاسانی دیاریبکرێن. بۆ نموونە یەکێک لەو ستراتیژیەتانەی دەوڵەت هەوڵی بۆ دەدات، پێگەیاندنی کۆمەڵگایەکە بڕوای بە بنەماکانی پێکەوە ژیان هەبێت. بنەماکانی پیکەوەژیان دەبێتە یەکێک لە ئامانجە پەروەردەییەکان، کە دەتوانرێت لە بەها پەروەردەییە کۆمەڵایەتیەکانەوە وەربگرێت. وەک: بەخشندەبوون بۆ هەموو کەسێک، خزمەتگوزاری بۆ هەموو کەسێک، دادپەروەری بۆ هەموو کەسێک، یەکسانی لە نێوان هەمووواندا، هاوسۆزی بۆ هەموو کەسێک، بەوەفایی، لێبوردەیی بۆ هەموو کەسێک، هاوکاریکردنی هەموو کەسێک، قەبوڵکردنی هەمەڕەنگی و هەمەجۆری، دیموکراسی، نەرمونیانی و ناتوندوتیژی لەگەڵ هەموو کەسێک.

لەبەرئەوە دیاریکردنی ئامانجەکان سەنگ و بەهای پەروەردەیی و زانستیی بە ناوەڕۆکی بابەتەکانی ناو ئەم کتێبە دەدات، لەئەنجامدا زۆربەی ئەم ئامانجانەش بەشێکن لە بەها پەروەردەییەکان، کە توێژەر مەبەستییەتی لەم توێژینەوەیە بییانخاتەڕوو.

بۆدەرخستنی ڕەنگدانەوەی جۆرەکانی بەها پەروەردەییەکان لە ناوەڕۆکی بابەتەکانی کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی سێیەمی بنەڕەتیدا، لێکدانەوە بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکانی وەرزی یەکەم و دووەمی ئەم کتێبە دەکرێت.

بەشێوەیەکی گشتی کتێبی خوێندنی کوردی، قۆناغی بنەڕەتی پۆلی سێیەم، چاپی دووەم ساڵی ٢٠٢٣، وەرزی یەکەم و دووەم پێک دێت لە ٣١ بابەت، لەم بابەتانەش٢٠ بابەتیان خوێندنەوەن، ١١ بابەتیان هۆنراوەن، ئەم بابەتانەش بەسەر نۆ یەکە دابەشکراون.

دابەشکردنی بابەتەکانی ناو ئەم کتێبە بەسەر یەکەدا کارێکی زانستی و پەروەردەییە، لەبەشێک لە وڵاتانی پێشکەوتووی ئەوروپا، بۆ نموونە وڵاتی پۆڵەندا بەهەمان شێوە لەهەندێک لە ناوەندەکانی خوێندندا بابەتەکان دابەش دەکرێن بەسەر چەند یەکەیەکدا، کە لەزمانی ئینگلیزی مۆدیول ی بۆ بەکاردێت (module) (Saeed,2017.227). ئەنجامدانی ئەم کارە ڕێکخستنی بابەتەکانە لەڕووی نزیکی و پەیوەندیی واتا و ئامانج و ناوەرۆکیان، بەم دابەشکردنە قوتابییان بە ماوەیەکی دیاریکراو بە باشی و بە تەواوی لە چەمک و ناوەرۆکی بابەتێک تێدەگەن، کە دابەشی چەند بەشێک کراوە. بێگومان دابەشکردنی بابەتێک بەسەر چەند بەشێکی لێک نزیک و تەواوکەری یەکتر، یارمەتی کۆکردنەوەی چڕکردنەوەی مێشکی قوتابییان لە سەر کۆی تێگەیشتنی بابەتەکە بەگشتی لەماوەیەکی دیاریکراو دەدات. واتا یەکە یان مۆدیول بەکاردەهێنرێت بۆ ڕێکخستنی ناوەرۆکی بابەتەکان بەشێوەیەکی زانستی بۆ ئەوەی بە تیر و تەسەلی بەپێی هەفتە یان مانگ یان کاتێکی دیاریکراو بدرێت بە قوتابییان.

لەم کتێبەدا یەکەی یەکەم (قوتابخانە) لەم بابەتانە پێکهاتووە: (قوتابخانەکەم، قوتابیم، کتێبخانەی قوتابخانە، قەڵەم و پاککەرەوە)، ئەگەر سەرنجبدرێت بەش و پێکهاتەکانی یەکەی قوتابخانە هەموویان لەڕووی واتا و ئامانج و مەبەستەوە زانیاری و زانین لە سەر قوتابخانە بە قوتابی دەدەن.

کتێبی خوێندنی کوردی قۆناغی بنەڕەتی - پۆلی سێیەم بە هۆنراوەیەک، کە وەک پێشەکیەکە بۆ یەکەی یەکەم دەستپێدەکات و بریتیە لە هۆنراوەی (لە سەرەتای ساڵەوە)، لەگەڵ ئەوەی ئەم بابەتە وەک بەشێک لە یەکەی یەکەم دانەنراوە بەڵام لەڕووی واتا و ناوەرۆکەوە درێژەپێدەری بابەتەکانی یەکەی یەکەمە و بەشێکە لە یەکەی یەکەم، دەشتوانرێت بگوترێت ئەم بابەتە وەک پێشەکییەکە بۆ دەستپێکردنی بابەتەکانی یەکەی یەکەم

لە ناوەرۆکی بابەتەکانی یەکەی یەکەمدا چەندین جۆری بەها پەروەردەییەکان ڕەنگیانداوەتەوە، توێژەر لەخوارەوە دەیانخاتەڕوو:

لە ناوەرۆکی بابەتی (لە سەرەتای ساڵەوە) جۆرەکانی بەها پەروەردەییە کۆمەڵایەتییەکان و کەسییەکان، ڕۆحییەکان، کەلتورییەکانی وەک: (خۆشەویستی، گرنگیدان بەهاوڕێیەتی و هاوکاریکردن، یەکسانی، بەرپرسیاریەتی، خۆڕێکخستن، خۆشەویستی، بێبەرژەوەندی و پێکەوەژیان) ڕەنگیانداوەتەوە. بۆ نموونە ڕەنگدانەوەی بەهاکانی خۆشەویستی، هاوڕێیەتی، هاوکاریکردن، یەکسانی، پێکەوە ژیان لە ڕستەکانی:

(**براکانم ! خوشکەکانم !**

**هاوڕێ خۆشەویستەکانم !)**

کە لەم ڕستانەدا بە ڕوونی دیارە، هانی منداڵان دەدات یەکتریان خۆشبوێت، هاوڕێ بین، یەکسانی لەنێوان ڕەگەزی مێ و نێر و پێکەوە ژیان دەردەخات. ڕەنگدانەوەی بەهاکانی هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی، خۆڕێکخستن لە ڕستەکانی:

**(دەرگای مەکتەب کرایەوە**

**پشووی هاوین بڕایەوە**

**جا نۆرەی قوتابخانەیە**

**کە بۆ زانین هێلانەیە)**

ئەو ڕستانە هانی قوتابییان دەدات هەست بە بەرپرسیارییەتی بکەن، خۆیان ڕێکبخەنەوەو ئامادەبن بۆ دەستپێکی خوێندن. هەڵبەت خۆڕێکخستن یەکێکە لە بەها پەروەردەییە کەسییەکان، ئێستا لە جیهانی پیشکەوتوو گرنگیەکی زۆری پێدەدرێت. لەبەرئەوە پێویستە مامۆستایان لە کاتی گوتنەوەی ئەم بابەتەدا هانی قوتابییان بدەن ڕێکخەر (دیسیپلین) بن بۆ ئەوەی بتوانن سەرکەوتوو بن و هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن بۆ دەستپێکردنەوەی قوتابخانە پلانییان هەبێت و ئامادە بن. هەروەها ڕەنگدانەوەی بەهای خۆشەویستی و بێبەرژەوەندی، کە بەشێکە لە بەها ڕۆحییەکان لە ناو ڕستەکانی وەک:

(بە یەکتر شاد دەبینەوە

ڕێگای خوێندن دەگرینەوە)،

ڕەنگیانداوەتەوە، کە ئەم بەهایانە هانی قوتابییان دەدەن لە ناخەوە بێبەرژەوەندی یەکتریان خۆش بوێت، تامەزرۆی یەکتر بینین بن، بۆئەوەی بەیەکەوە ڕێگای خوێندنگا و خوێندن بگرنەوەبەر، بەبێ هیچ بەرژەوەندییەکی کەسی هەوڵی سەرکەوتن بدەن.

لە ناوەرۆکی بابەتی (**قوتابخانەکەم**) دا هەر یەک لە جۆرەکانی بەها پەروەردەییەکانی وەک: (کۆمەڵایەتییەکان و کەسییەکان، ڕۆحییەکان، کەلتورییەکان و تەندروستییەکان) ڕەنگیانداوەتەوە. بۆ نموونە: بەهای خۆشەویستی بەتایبەت خۆشەویستی بۆ قوتابخانە، کاتێک ئەلەند و هێڤی دەڵێن: **(قوتابخانەمان زۆر خۆش دەوێت).** هەروەها بەهای نەرمونیانی، پاراستنی نەریتەکان کاتێک گفتوگۆیەکی خێزانی لەنێوان خوشک برایەک بە ناوەکانی (هێڤی و ئەلەند) لە ناو بابەتەکە هەیە و گوێ لەیەکتر دەگرن.

ڕەنگدانەوەی جۆرەکانی بەهای تەندروستی وەک پاکوخاوێنی، وەرزشکردن، کاتێک ئەلەند دەڵێت:

**(قوتابخانە گۆڕەپانی یاریکردن و هۆڵی وەرزشی تێدایە، لەگەڵ هاوڕێکانم یاری جۆراو جۆر دەکەین، پێویستە قوتابخانە وەک ماڵی خۆمان بپارێزین و پاک و خاوێن ڕایبگرین).**

هەروەها ڕەنگدانەوەی جۆرێکی تری بەهای پەروەردەییە کەسییەکانە، کە بریتین لە بەهای دڵسۆزی، بەتایبەت لە ڕستەکانی گفتوگۆی نێوان ئەلەند و هێڤی، کە دەڵێن: **(قوتابخانەمان خۆش دەوێت و پێویستە وەک مالی خۆمان بپارێزین).**

فێربوونی بەها کەسییەکانی وەک: ڕەوشت بەرزی، خۆشەویستی، دڵسۆزی، بناغە و چوارچێوەیەک بۆ هەڵسوکەوتی قوتابییان لە تەمەنی بەراییدا دادەڕێژێت، ڕەنگدانەوەی دەبێت لە سەر تەواوی ژیانی داهاتوویان.

یەکێکی تر لەو بەهایانەی ڕەنگیانداوەتەوە لە ناو ئەم بابەتەدا بەهای بیرکردنەوە و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتییە، کاتێک هێڤی دەڵێت:

**(لە قوتابخانە فێری خوێندنەوە و زانست و ڕەوشت بەرزی دەبین و بیرو هۆشمان گەشە دەکات).**

گەشەکردن و پێگەیاندنی بیرو هۆش تاکی بەتوانا و ئاست بەرز دروست دەکەن، کە توانای بیرکردنەوەو بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی هەبێت، فێربێت هەوڵی بەدەستهێنانی زانین (مەعریفە) بێت.

لە ناوەرۆکی بابەتی (**قوتابیم**)**دا** جۆرەکانی بەها پەروەردەییەکانی وەک: (کەسی، ڕۆحی و ژینگەیی) ڕەنگیانداوەتەوە، بۆ نموونە: بەهاکانی هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی و خۆڕێکخستن، کە بەشێکی بەها کەسسییەکانن لە ناو ڕستەی **(ئازا و ژیر، بەڕێوجێ)** ڕەنگیانداوەتەوە. جگە لەمەش بەها ژینگەییەکان لە ناو ڕستەکانی:

**(بولبولی گچکە و ساوام**

**لەباخی ژین بێ پەروام**

**شەیدای گوڵی زانستم)،**

ڕەنگیداوەتەوە. لەکاتی گوتنەوەی ئەم بابەتە، مامۆستایان دەتوانن باسی خۆشەویستی و پاراستنی ژینگە بکەن بۆ قوتابییان. هەروەها بەها ڕۆحییەکان لە ناوەرۆکی بابەتەکەدا لە ڕستەکانی وەک: (بەهۆی کتێب پێبگەم، تابگەمە خۆشی ژیان لەچوارچێوەی کوردستان)، ڕەنگیانداوەتەوە. ئەمەش هانی قوتابییان دەدات هەستی خۆشەویستی لەناخیان گەشەبکات بەتایبەت بۆ کتێب و وڵات.

لە ناوەرۆکی بابەتی **(کتێبخانەی قوتابخانە)**دا جۆرەکانی بەها پەروەردەییە (کەسییەکان، کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆحیەکان، کەلتورییەکان) ڕەنگیانداوەتەوە. بۆ نموونە: بەها پەروەردەییەکانی وەک: (بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، گەڕان بەدوای زانیاری، بیرکردنەوەی داهێنەرانە، ڕێزگرتنی یاسا و نەریتەکان، ڕێزگرتن و خۆشویستنی کتێب، هاوڕێیەتی، پێکەوەژیان) ئەوەی، کە لەم بابەتەدا زۆر گرنگە ئەوەیە، کە چ وێنەی بابەتەکە، چ ناوەرۆکی بابەتەکە بەڕێوەبردنی پۆل بەشێوەی گروپ پێشاندەدات. بۆ نموونە : (مامۆستا هاتە پۆلەوە و ڕۆژباشی لە قوتابییان کرد، کە بە گروپ دانیشتبوون). بەڕێوەبردنی پۆل بەشێوازی گروپ و کارکردنی بەتیم دەبێتە هۆی ڕەنگدانەوەی بەها پەروەردەییە کۆمەڵایەتییەکانی وەک هاوڕێیەتی، بەخشندەیی، خزمەتگوزاری، دادپەروەری، یەکسانی، هاوسۆزی، بەوەفایی، لێبوردەیی، هاوکاری، هەمەڕەنگی و جۆراوجۆری، دیموکراسی، نەرمونیانی. بەشێوەیەک کارکردن بەتیم ڕۆحی هاوکاری ڕێز و یەکسانی و دادپەروەری و دیموکراسی و زۆربەی بەهاکانی تری کۆمەڵایەتی لای قوتابییان گەشە پێدەدات. ڕێگاکانی پرسیار و وەڵام، گفتوگۆکردن لەنێوان مامۆستایان و قوتابییان یەکێکە لە ڕێگا باش و سەرکەوتووەکان بەجۆرێک هاریکار دەبێت بۆ ڕەنگدانەوەی زیاتری بەها پەروەردەییەکانی تر.

لە ناوەرۆکی بابەتی **(قەڵەم و پاککەرەوە)دا،** جۆرەکانی بەها پەروەردەییە (کەسییەکان، کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆحییەکان، کەلتورییەکان) ڕەنگیانداوەتەوە. بۆ نموونە: بەها پەروەردەییەکانی وەک: ڕاستگۆیی، هاوڕێیەتی، ڕێزگرتن، ڕاشکاوی، سادەیی، لێبوردەیی، سوپاسگوزاری، هاوکاری، نەرمونیانی، ناتوندوتیژی، ئاشتی، قوربانیدان، پێکەوەژیان ڕەنگیانداوەتەوە لە ناوەرۆکی ئەم بابەتەدا بەجۆرێک کاراکتەری (پاککەرەوە) زۆر بە سادەیی و ڕاستگۆیی و ڕاشکاوانە وەک هاوڕێیەکی بەڕێز بە نەرمونیانی باسی قوربانیدانەکانی خۆی دەکات بۆ هاوڕێکەی، کە قەڵەمە و هاوکارییەتی لەکارەکانی. لەبەرانبەردا قەڵەم دەڵێت من تۆم خۆشناوێت و هاوڕێی تۆ نیم. دوای دەرخستنی ڕاستیەکان دوور لە توندوتیژی لەیەکتر دەبورن و ئاشت دەبنەوە و سوپاسگوزاری یەکتر دەبن. ئەم بابەتە بەشێکی زۆر لە بەها پەروەردەییەکانی تیادا ڕەنگیانداوەتەوە، بۆیە لەڕێگەی گوتنەوەی ئەم بابەتەوە مامۆستایان زۆر بەباشی دەتوانن منداڵان فێری ئەم بەها پەروەردەییانە بکەن، کە ئاماژەیان پێدراوە (لێژنەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، وەرزی یەکەم، ٢٠٢٣، ل. ٨-٢٤).

**یەکەی دووەم** (نیشتیمان) لەئەم بابەتانە پێکهاتووە: (نیشتیمان، هەورامان، هەجیج)، بەش و پێکهاتەکانی یەکەی نیشتیمان ناوەرۆکی بابەتەکان لەڕووی واتا و ئامانج و مەبەستەوە زانیاری و زانین لە سەر ناساندنی نیشتیمان دەدەن. لە ناوەرۆکی بابەتەکانی ئەم یەکەیەدا چەندین جۆری بەها پەروەردەییەکان ڕەنگیانداوەتەوە، کە لەخوارەوە دەخرێنەڕوو:

لە ناوەرۆکی بابەتی (**نیشتیمان**)دا جۆرەکانی بەها پەروەردەییە (کەسییەکان، کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆحییەکان، ژینگەییەکان) ڕەنگیانداوەتەوە. بۆ نموونە: بەها پەروەردەییەکانی وەک: پاراستن، متمانەبەخۆبوون، خزمەتگوزاری، خۆشەویستی، قوربانیدان، بەها پەروەردەییە ژینگەییەکان لە ناوەرۆکی ئەم بابەتەدا ڕەنگیانداوەتەوە. بەهاکانی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی بەرانبەر بەخاک و نیشتیمان و پاراستن و قوربانیدان بۆ نیشتیمان، خۆشەویستی نیشتیمان و موڵکە گشتییەکانی وڵات وەک: قوتابخانە، پاراستن و پاکراگرتنی نیشتیمان، قوربانیدان بۆ نیشتیمان، خۆشویستنی ژینگە و دارودرەخت بەتەواوی ڕەنگیانداوەتەوە. هەروەها لە ناو ڕستەکانی:

(پارێزگاری لە نیشتیمان) (ئەم خاکە نیشتیمانی ئێمەیە و ئەرکی سەرشانی هەمووەمانە بیپارێزین)، (دارودرەخت و باخچەکان پاک وخاوێن ڕابگرین)، (پاراستنی کورسی و مێز و شتومەکی قوتابخانەش خۆشەویستییە بۆ قوتابخانە) و (پاک وخاوێنی شۆستەو شەقامەکان و فڕێنەدانی شتی پیس).

هەڵبەتە بەها کەسیەکان پایە و بناغەی دروستکردنی کەسایەتی مرۆڤن، بەها ڕۆحیەکان داکوتینی ڕەگی خۆشەویستییە خۆشبەختانە ئەم بەهایانە و بەهاکانی تریش، کە ئاماژەیان پێدرا لە ناوەرۆکی بابەتی نیشتیماندا ڕەنگیانداوەتەوە.

ناوەرۆکی بابەتی (هەورامان) هانی قوتابییان دەدات پارێزگاری لە نیشتیمان بکەن. بەبێ جیاوازی هەموو شوێنەکانی کوردستانییان خۆش بوێت. لە سەر شاری هەورامان زانیارییان هەبێت، بزانن بە چ زارێک قسەدەکەن و کەوتوەتە کوێی کوردستان. ئەمانەش دەرخەری ڕەنگدانەوەی بەهاکانی کەسی، ڕۆحی، کۆمەڵایەتی و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەن لە ناوەرۆکی ئەم بابەتەدا.

بابەتی (هەجیج) وەک بەشێک لە یەکەی (نیشتیمان) تەواوکەری پێدانی زانیارییە لە سەر نیشتیمان و شاری هەورامان لە ناو یەکەی دووەم. هەڵبەتە دووبارە بەها پەروەردەییە کەسی، ڕۆحی، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی، پێدانی زانیاری و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە ناوەرۆکی ئەم بابەتە ڕەنگیانداوەتەوە. جێگای ئاماژەپێکردنە بەها پەروەردەییە کەلتورییەکانیش ڕەنگیانداوەتەوە لە ناوەرۆکی بابەتی (هەجیج)دا، بۆ نموونە: ناساندنی بونیادنانی بینا و تەلار و خانووەکانی ئەم گوندە، دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانیان بۆخۆیان دابینکردووە، خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ و باخدارین (گوێز و هەنار و ترێ) و کارە دەستییەکانی وەک (شاڵ، کڵاش، فەرەنجی، پشتوێنی هەجیج). هەروەها ناساندنی ئاوهەوا و پاکوخاوێنی ژینگە و خستنەڕووی زانیارییەکانی تر لە سەر ئەم گوندە لە ناوەرۆکی ئەم بابەتەدا بەتەواوی هانی قوتابییان دەدات کلتوری کوردی و ڕەسەنایەتی و دابونەریت و کەلەپور، کەرەستەکانی کوردەواری بناسن، خۆشەویستییان بۆی هەبێت و شانازیان پێوەبکەن. بۆ نموونە هەموو ئەم بەهایانەی ئاماژەمان پێدا ڕەنگیانداوەتەوە لە ڕستەکانی وەک: (هەجیج گوندێکی دڵگیر و مێژوویی هەورامانە)، (مێژووی بونیادنانی گوندی هەجیج بۆ ٣٠٠٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە)، (بە زاری شیرینی هەورامی قسە دەکەن)، (ئەوەی ئەم گوندە لە گوندەکانی تری کوردستان جیادەکاتەوە شێوازی بونیادنانی بینا و تەلار و خانووەکانییەتی، کە بە کۆنترین شێوازی بیناسازیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت)، (ئەم گوندە خاوێنترین گوندە، لەساڵی ٢٠١٠ لە ڕووی ژینگەوە وەک پاکترین گوند لەجیهان لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆی نەتەوە یەکگرتووەکان ناسێنراوە) (لێژنەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، وەرزی یەکەم، ٢٠٢٣، ل. ٢٥-٣٨).

یەکەی سێیەم (تەندروستی) لەم بابەتانە پێکهاتووە: (ڕێنمایی تەندروستی، پەرستار، پەتا)، بابەتەکانی ئەم یەکەیە لەڕووی واتا و ئامانج و مەبەستەوە زانیاری و زانین لە سەر تەندروستی دەدەن.

لە سەرەتادا باس لەئەوە کرا، کە پێویستە منداڵان لە سەرەتای تەمەنی بەراییانەوە ڕێنماییە تەندروستییەکانیان بۆ شیبکرێتەوە ئەوەیش لەڕێگەی پەروەردەکردنیانەوە بە بەها پەروەردەییە تەندروستییەکانی وەک: (خۆپاراستن، گرنگیدان بە پاک و خاوێنی، وەرزشکردن، خوراکە تەندروستەکان، گرنگیدان بە ڤیتامین و دووركەوتنەوە لە خواردنە زیانبەخشەکان، گرنگیدان بە هەمەجۆری خواردن و کەمخواردن). ئامانجی بابەتەکانی یەکەی تەندروستی لە خشتەی دانانی خوێندنی کوردی لا: ٦ی ئەم کتێبە دیاریکراوە، بریتین لە (گرنگی پاکوخاوێنی جەستە، نەریتی تەندروستی، خۆراکی تەندروست، خۆپاراستن، زۆرخواردن زیان بەتەندروستی دەگەیەنێت، خۆشەویستکردنی پیشەی پەرستاری (ژن و پیاو) و ئەرکی پیرۆزی پەرستاران، مەترسییەکانی نەخۆشی، پابەندبوون بە ڕینماییە تەندروستییەکان) هەموو ئەمانەش بەشێکی گرنگی بەها پەروەدەییە تەندروستییەکانن، کە پێویستە منداڵ بییانزانێت، ئەم بەهایانەش لە ناوەرۆکی بابەتەکانی ئەم یەکەیەدا ڕەنگیانداوەتەوە.

لە ناوەرۆکی ڕستەکانی بابەتی (ڕێنمایی تەندروستی)دا بەهاکانی تەندروستی ڕەنگیانداوەتەوە، بۆ نموونە: لەڕستەکانی وەک:

**(پێویستە پێش نان خواردن دەستمان بشۆین)، (بەشوشتنی دەست ڤایرۆس و میکرۆب لە ناو دەچن)، (زوو نووستن، زوو لەخەوهەڵسان، وەرزشکردن، زۆر ئاو خواردنەوە، خۆراکی تەندروست).**

جگە لەمەش بەهاکانی خۆشویستن و دڵسۆزی و ڕاستگۆیی وخزمەتگوزاری و هەبوونی زانیاری، کە بەشێکن لە بەها کەسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆحییەکان ڕەنگیانداوەتەوە، لە ناوەرۆکی ڕستەکانی بابەتەکانی (پەرستار، پەتا)، بۆ نموونە لەڕستەکانی وەک:

**(پەرستار بۆ نەخۆش وەک کەس و کار، ماندوو نابێ ڕۆژ و شەو دێ و دەڕوا خزمەت ئەکا ئەو، گەلێ دڵسۆز و خەمخۆرە هەردەم هاوکاری دکتۆرە)، (پێویست ناکات نیگەران بی، چونکە هیوا ڕاست دەکات)** (لێژنەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، وەرزی یەکەم ، ٢٠٢٣، ل: ٣٩-٥٢). بەها تەندروستییەکان پێویست و گرنگن بۆ ئەوەی منداڵان لە جیهانی ئەمڕۆدا بییانزانن و فێریان بن، لە کاتێکدا هۆشیاری تەندروستی لاوازە و بازرگانان و بەرژەوەندییە تایبەتەکان بێبەزەییانە تەنها بیر لە سوودەکانی خۆیان دەکەنەوە و کوالیتی کاڵا و خۆراک پشتگوێ دەخەن. بۆیە هەبوونی بابەتێکی لەم جۆرە لەم قۆناغەدا جێگای دەستخۆشییە، مامۆستایان دەتوانن زۆرترین زانیاری تەندروستی پێشکەش بە قوتابیان بکەن.

**یەکەی چوارەم** (ئاکار و ڕەوشت) لەم بابەتانە پێکهاتووە: (شێوازی ئاخاوتن، هاوڕێکەم، چاکەکردن)، بەش و پێکهاتەکانی ئەم یەکەیەش بابەتەکانی لەڕووی واتا و ئامانج و مەبەستەوە زانیاری و زانین لە سەر ناساندنی هەڵسوکەوت و ئاکار و ڕەوشت دەدەن.

لە ناوەرۆکی بابەتەکانی ئەم یەکەیە چەندین جۆری بەها پەروەردەییەکان ڕەنگیانداوەتەوە، لەخوارەوە دەخرێنەڕوو:

لە هەرسێ بابەتی یەکەی (ئاکار و ڕەوشت)دا کۆمەڵێک ئامانج دیاریکراون بریتین لە (بایەخدان بەخوێندنەوە، سوودی خوێندنەوە، کتێبی دەرەکی، شێوازی دروستی ئاخاوتن، هەڵسوکەوتی جوان، هاوکاری و یارمەتیدان، مرۆڤی ڕاستگۆ ئازایە، خۆشویستنی هاوڕێ، مەبەست لە بەوەفایی، ناسین و خۆشویستنی ئاژەڵ، ڕێزگرتنی میوان، بیرکردنەوە و دەربڕین و گێڕانەوە، نابێت لەکاتی چاکە کردن چاوەڕێی چاکە بین)، هەموو ئەم ئامانجانەش هەڵقوڵاوی بەها پەروەردەییە کەسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆحی، کەلتوری، ژینگەیی و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەن، کە توێژەر تیشکی دەخاتەسەر. بۆ نموونە ئامانجی (بایەخدان بەخوێندنەوەو سوودی خوێندنەوەو کتێبی دەرەکی) بەشێکە لە بەهای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، بێگومان خوێندنەوەی کتێب یارمەتی مێشک دەدات بکرێتەوە، بە هۆیەوە منداڵ بیربکاتەوە، بتوانین هەڵە و ڕاست لەیەکتر جیابکەینەوە دواتر ڕەخنەی بونیادنەر بگرێت.

ئامانجەکانی (شێوازی دروستی ئاخاوتن، هەڵسوکەوتی جوان، هاوکاری و یارمەتیدان، مرۆڤی ڕاستگۆ ئازایە، خۆشویستنی هاوڕێ، مەبەست لە بەوەفایی، ناسین) بەهاکانی کەسی و ڕۆحی و کۆمەڵایەتین بەهۆیانەوە کەسایەتی منداڵ دروست دەبێت و دەبێتە تاکێکی کاریگەر و بەسود و ئازا بۆ کۆمەڵگا. بەها پەروەردەییە کەلتورییەکانیش دیاریکراوە لە ئامانجەکانی وەک (ڕێزگرتن و خزمەتکردنی میوان)دا.

لە ناوەرۆکی بابەتی (**ئاکار و ڕەوشت**)دا جۆرەکانی بەها پەروەردەییە (کەسییەکان، کۆمەڵایەتیەکان، ڕۆحییەکان، ژینگەییەکان) ڕەنگیانداوەتەوە. ئامانجێکی تر لەم کتێبەدا دیاریکراوە و لە ناوەرۆکی بابەتەکانی یەکەی (ئاکار و ڕەوشت) ڕەنگیداوەتەوە بریتیە لە (ڕێزگرتنی میوان) ئەم ئامانجەش بەهایەکی پەروەردەیی کەلتورییە.

یەکێک لەئامانجەکانی تر، کە لە ناوەرۆکی بابەتەکانی ئەم یەکەیەدا هەوڵی بەدەستهێنانی دەدرێت، بریتییە لە (لە کاتی چاکە کردن نابێت چاوەڕێی چاکە بین) ئەم جۆرە ئامانجە گرنگە و بەشێکە لەبەها ڕۆحییەکانی وەک (بێبەرژەوەندی)، پێویستە منداڵ بە شێوەیەک پەروەردەبکرێت لە زۆر بارودۆخدا هەڵوێست بنوێنێت، ئامادە بێت چاکە بکات، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی پاداشت بێت. لە ناوەرۆکی ڕستەکانی بابەتی (شێوازی ئاخاوتن)دا بەهاکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە ڕەنگیانداوەتەوە، کاتێک دەڵێت:

**(سۆما لە پۆلی سێیەم بوو حەزی لەخوێندنەوە بوو)،**

**(هەفتانە کاتێکیان تەرخانکردبوو بۆ خوێندنەوە)،**

**(سۆما لەخوێندنەوە تەواو بوو، چوو بۆ لای دایک و باوکی، ئەوان هێشتا سەرقاڵی خوێندنەوە بوون)،**

ئەمانە هەمووی فێرکردنی بەهای بیرکردنەوەیە، چونکە خوێندنەوە خۆراکی مێشکە، مێشکیش سەرچاوەی بیرکرنەوەیە. هەروەها بەها کەسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆحیەکانی وەک (سادەیی، لێبوردەیی، خۆگرتن و ئارامی، نەرموونیانی، ڕاستی، خۆشەویستی، ڕەوشت بەرزی) ڕەنگیانداوەتەوە لە ناو ڕستەکانی وەک:

**(ڕاسان داوای لێبوردنی کرد)، (نابێت قسەی یەکتر ببڕین، دەبێ لەسەرخۆ و هێمن بین).**

بەهەمان شێوەش بەها پەروەردەییە کەسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆحییەکان لە ناو گشت ڕستەکانی بابەتی (هاوڕێی باش) ڕەنگیانداوەتەوە.

لە ناوەرۆکی بابەتی (چاکەکردن)دا بەها پەروەردەییەکانی وەک (بەخشندەیی، خزمەتگوزاری، هاوکاری، پێکەوەژیان، سوپاسگوزاری) ڕەنگیانداوەتەوە، لە ڕستەی (فەرموون وەرنە ژوورەوە بۆ لانە گەرمەکەی من). هەروەها بەهای سوپاسگوزاری لە ڕستەکانی (دوای ئەوەی خۆیان گەرمکردەوە، زۆر سوپاسی کەروێشکەکەیان کرد)، (سوپاسگوزار و خۆشحاڵبوون) (لێژنەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، وەرزی یەکەم، ٢٠٢٣، ل: ٥٣-٦٨).

**یەکەی پێنجەم** (هونەر و ڕۆشنبیری) لەم بابەتانە پێکهاتووە: (هونەرمەندە بچکۆلە، تۆپتۆپێن، ئینترنێت، پێشانگای قوتابخانە). بەش و پێکهاتەکانی یەکەی (هونەر و ڕۆشنبیری) ناوەرۆکی بابەتەکانی لەڕووی واتا و ئامانج و مەبەستەوە زانیاری و زانین دەدەن لە سەر ناساندنی هونەر و ڕۆشنبیری گشتی. لە ناوەرۆکی بابەتەکانی ئەم یەکەیەدا چەندین جۆری بەها پەروەردەییەکان ڕەنگیانداوەتەوە، لە خوارەوە دەخرێنەڕوو:

لە هەر چوار بابەتی یەکەی ( هونەر و ڕۆشنبیری) لە لاپەڕە (٧) کۆمەڵێک ئامانج دیاریکراون بریتین لە: (خۆشەویستی بۆ هونەر، وەرزش، هونەری وینەکێشان، ناسینی جۆرەکانی هونەر و وەرزش، مەبەست لە وشەی هونەرمەند و وەرزش و پێشانگا، سودی وەرزش بۆ تەندروستی، یاریزان چۆن خزمەت بە وڵاتەکەی دەکات، سود و زیانی ئینتەرنێت، پێش ئاخاوتن باش بیربکەینەوە، زانیاری دەربارەی ڕەنگەکان، هاوکاریکردن لە چالاکی قوتابخانە، چۆنیەتی پێشوازیکردنی میوان).

بەها ڕۆحییەکان لە ناوەرۆکی بابەتەکانی ئەم یەکەیەدا لە بابەتەکانی (هونەرمەندە بچکۆلە) و (تۆپتۆپێن و پێشانگا)، بەتایبەتیش بەهای خۆشەویستی بەشێوەیەکی ڕوون ڕەنگیداوەتەوە، بۆ نموونە لە ناوەرۆکی ڕستەکانی وەک: **(پەریا ئاوازێکی زۆر خۆشی بۆ ژەنین، مامۆستا و قوتابییان گەلێ پێی دڵخۆش و سەرسام بوون)،**

**(تۆ کولەکەی ڕۆحی منی)، (بەڕاستی قوتابی بەهرەداران، پێشانگاکەمان زۆر بە دڵە، مامۆستا ئەمانە دایکم و باوکمن).**

بێگومان هەموو بەهاکانی پەروەردەیی گرنگن، بەڵام بەهای خۆشەویستی ڕەگ و بنچینەیە بۆ هەموو بەهاکانی تر، کە لە ئاستە جیاوازەکاندا دەردەکەوێت لە شێوەی خۆشەویستی دایک و باوک بۆ منداڵەکانیان، سۆز و خۆشەویستی نێوان ژن و مێرد، خۆشەویستی بۆ ئەندامانی خێزان و هاوڕێیان، خۆشەویستی و پەرۆشی بۆ نیشتمان بۆ ژیان و ژینگە، بۆ سروشت، بۆ هونەر و میوزیک و وەرزش هتد.. بە هەبوونی بەهای خۆشەویستی کۆمەڵێک بەهای تر بەدەست دەهێنرێت، چونکە خۆشەویستی بناغەی دروستکردنی بەهاکانی ترە، بۆ نموونە ڕاستگۆم لەگەڵت، چونکە خۆشمدەوێیت. بەرگری دەکەم لە نیشتیمان چونکە نیشتیمانم خۆشمدەوێت وام لێدەکات هەست بەبەرپرسیاریەتی بکەم. یارمەتی دایک و باوکم دەدەم چونکە، خۆشمدەوێن. واتا هەریەک لە بەهاکانی (ڕاستگۆیی، بەرگریکردن و بەرپرسیاریەتی، هاوکاریکردن) لە ڕێگەی هەبوونی بەهای خۆشەویستییەوە دروست بوون. خۆشەویستی بەهایەکی مرۆیی و کۆمەڵایەتییە، گوزارشت لە لایەنی ڕۆحی و مەعنەوی و سۆزداریی تاکەکان دەکات، بەرانبەر بە یەکتر و ژینگەو سروشت و شتەکانی دەوروبەر.

ڕەنگدانەوەی بەهای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە زۆر بە ڕوونی لە ناو بابەتەکانی یەکەی پێنجەم دیارە، بۆ نموونە لە ئامانجەکانی وەک (ناسینی جۆرەکانی هونەر و وەرزش، مەبەست لە وشەی هونەرمەند، وەرزش، پێشانگا، سودی وەرزش بۆ تەندروستی، پێش ئاخاوتن باش بیرکردنەوە، زانیاری دەربارەی ڕەنگەکان، سودی ئینتەرنێت، شێوازەکانی پەیوەندیکردن). هەریەکێک لەم ئامانجانە وا لە مرۆڤ دەکات زانیاری و مەعریفەی هەبێت لە سەر چەمکەکانی هونەر و هونەرمەند، وەرزش و پێشانگا و ئینتەرنیت. ناسین و تێگەیشتن لەم چەمکەکانە یارمەتیدەر دەبێت لە جیاکردنەوەی هونەر و هونەرمەندی باش و خراپ، یارمەتیدەر دەبێت پێش ئەوەی بڕیار بدرێن لە سەر ئەوەی کە ئەم هونەرە یان هونەرمەندە، ئەم پێشانگایە باشە یان خراپە، بیردەکەینەوە لێکۆلینەوەکان دەریانخستووە، کە سەرچاوەی بیرکردنەوەکانیش هەبوونی زانیاری و مەعریفەیە. ئەمە وا دەکات لە کۆتاییدا بڕیارێکی ڕاست و دروست و زانستی بدرێت و ڕەخنەیەکی بونیادنەر بگیرێت لە هونەر یان هونەرمەند و پێشانگا و وەرزش، یانیش ئینتەرنێت، چونکە ئیتر لەم چەمکانە تێگەیشتووی.

بۆ نموونە: قوتابی لەبەر ئەوەی لە چەمکی ئینتەرنێت تێگەیشتووە دەزانێت سود و زیانەکانی چین هەمیشە لەکاتی بەکارهێنانی بیردەکاتەوە، ئەمە بەهای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیە، کە پێویستە هەر لە سەرەتاکانی تەمەنی منداڵی فێربکرێن. ڕەنگدانەوەی بەها پەروەردەییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە ڕەنگیداوەتەوە لە ڕستەکانی بابەتی (هونەرمەندە بچکۆلە)دا بۆ نموونە لە ڕستەکانی:

**(فێری ژەنینی ئامێری کەمانچە ببوو) (مامۆستا هونەرمەند کێیە؟) (هونەرمەند کەسێکە یەکێک لەم هونەرانە وێنەکێشان، مۆسیقا، خۆشنوسی، شانۆگەری و چەندین هونەری تر بەهرەدار بێت).**

هەروەها بەهاکانی کەلتوری، کۆمەڵایەتی، تەندروستیش لە ناوەرۆکی بابەتەکانی یەکەی پێنجەم ڕەنگیانداوەتەوە، بۆ نموونە: هاوکاریکردن و پێشوازیکردن لە میوانان، ڕاستگۆیی بەتایبەت کاتێک لە بابەتی (ئینتەرنێت) لە ڕستەی:

**(بەڵام باشترە دایبامان ئاگاداربکەینەوە و پرسیان پێبکەین و هیچییان لێ نەشارینەوە، هاوڕاتم).**

هەروەها هەستی بەرپرسیاریەتی و گرنگیدان بە کات لە ڕستەی (ڕۆڵەکانم وا چاکە کاتی دیاریکراوی بۆ تەرخان بکەین) یان بەهای کەلتوری لە ڕستەی (دانیشتن لەگەڵ کەسوکارمان فەرامۆش نەکەین) (لێژنەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، وەرزی یەکەم، ٢٠٢٣، ل. ٦٩-٨٥).

**یەکەی شەشەم** (زمانی گیانداران) لەم بابەتانە پێکهاتووە: (پەپولە و هەنگ، مەتەڵ، کوللە و میرولە) بەش و پێکهاتەکانی ئەم یەکەیە ناوەرۆکی بابەتەکانی لەڕووی واتا و ئامانج و مەبەستەوە زیاتر پێدانی زانیاری و مەعریفەیە لە سەر ناساندنی سروشت و گیانداران و ژینگە.

ناوەرۆکی بابەتەکانی یەکەی شەشەم ئامانجی پێدانی زانیارییە لە سەر گیانداران، واتە زیاتر ڕەنگدانەوەی بەهای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەها پەروەردەییەکانی وەک: کەسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆحیش ڕەنگیانداوەتەوە، بۆ نموونە: لەبابەتی (پەپولە و هەنگ)دا سەر لەبەری ناوەرۆکی بابەتەکە بەها کۆمەڵایەتییەکانی وەک: هاوڕییەتی، ڕێزگرتن و نەرمونیانی)ی ڕەنگیانداوەتەوە لە ڕستەکانی:

**(باڵەکانت چەند جوانن! یارمەتی هەیە خۆمت پێ بناسێنم؟ بەڵێ! فەرموو من هەنگم).**

هەروەها بەها پەروەردەییە ڕۆحییەکانی وەک خۆشەویستی ژیان و ژینگە و گیانداران ڕەنگیانداوەتەوە لە ڕستەکانی:
**(هەنگێگی جوان باڵەکانی لێکدەدا و دەفڕی)، (پەپولەیەکیش لە سەر چڵی گوڵێک نیشتبوو باڵە شینە جوانەکانی...)، (ژیان بەم جۆرە بۆمن خۆشترە).**
بابەتی (مەتەڵ) لەیەکەی شەشەمدا بەهەمان شێوە، بابەتێکە پڕ ئامانجیەتی زانیاریی مەعریفی بە قوتابییان بدات لە سەر گیانداران، بەتایبەت باڵندەکان، لەگەڵ ئەوەشدا بەها پەروەردەییەکانی وەک: ژینگەیی و کۆمەڵایەتی، کەسی ڕەنگیانداوەتەوە لە ناوەڕۆکی بابەتەکەدا. بۆنموونە: ڕەنگدانەوەی بەهای پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، بەخشندەیی لە ڕستەی: **(ئەبەخشن سۆز و ئارامی)**.
بەهای پەروەردەیی ڕۆحی وەک جوانی و خۆشەویستی بۆ ژینگە و گیانداران ڕەنگیانداوەتەوە لە ڕستەکانی:
**(لە سەر چڵی دار، گوێسەبانان، دروستی دەکا هێلانەی جوان جوان.....)** .
لە ناوەڕۆکی بابەتی (کوللە و مێرولە) بەها پەروەردەییەکانی کەسی، کۆمەڵایەتی و ڕۆحی ڕەنگیانداوەتەوە. بۆ نموونە ڕەنگدانەوەی بەهاکانی کەسی، وەک: خۆڕێکخستن و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی) لە ڕستەکانی:
**(من خەریکم خۆراک بۆ زستان کۆدەکەمەوە، ئامۆژگاریت دەکەم تۆش وەک من خۆراک کۆ بکەوە)، (ئەمڕۆ خەم لەبەیانی بخۆیت خۆت نەدەیتە دەست ئایندەی نادیار).**
ڕەنگدانەوەی بەهاکانی پەروەردەیی کۆمەڵایەتی وەک (هاوکاریکردن، بەخشندەیی، پێکەوەژیان) لە ڕستەکانی:
(**بینی وا مێرولەکان لەنێوان خۆیاندا ئەو دانەوێلە دابەشدەکەن**).
هەروەها ڕەنگدانەوەی بەهای پەروەردەیی ڕۆحی، وەک: (ڕاستی) لە ڕستەی: (**مێرولە ڕاستی فەرمووو....**) (لێژنەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، وەرزی دووەم، ٢٠٢٣، ل. ٧-٢٠).
**یەکەی حەوتەم** (سروشت) لەئەم بابەتانە پێکهاتوون: (سەیران، ژینگەی کوردستان، هێشوە ترێ). ئەگەر سەیربکرێن بەش و پێکهاتەکانی ئەم یەکەیە ناوەڕۆکی بابەتەکانی لەڕووی واتا و ئامانج و مەبەستەوە پێدانی زانیاری و مەعریفەیە لە سەر ناساندنی سروشت و رووەک، هەروەها هاندانی قوتابییان بۆ خۆشویستنی ژینگە و پاک وخاوێنی و پاراستنی ژینگە.
لەبابەتی (سەیران) لەم یەکەیە بەهای پەورەردەیی کەلتوری وەک مێواندۆستی و هاوئاهەنگی لەگەڵ سروشت و ئاهەنگ گێران لە بۆنەو یادە نەریتییەکان ڕەنگیداوەتەوە لە ڕستەکانی:
**(ئێمە لە نەورۆزدا لەگەڵ ماڵی پورم چووین بۆ سەیران)،**
**(خۆشترین شت بەلای منەوە، سەیرکردنی خاڵخاڵۆکە و پەپولەی باڵنەخشین و گوێگرتن لەدەنگی باڵندەکان و خوڕە هاژەی ڕووبارەکە بوو**).
بەهای تەندروستی و ژینگەیی بەتایبەت گرنگیدان بە پاکوخاوێنی لە زۆربەی ڕستەکانی ئەم بابەتەدا هاتووە بۆ نموونە ( زۆر گەڕاین شوێنێکی پاکوخاوێنمان دەست نەکەوت).
هەروەها بەها پەروەردەییەکانی کەسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆحییەکانی، وەک: (هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی، خزمەتگوزاری، هاوکاری، ڕەوشت بەرزی، خۆشەویستی) ڕەنگیانداوەتەوە لە ڕستەکانی:
(**هەموومان بڕیارماندا ژێردارێکی گەورە لە پاشماوە بەجێماوەکان پاکبکەینەوە، دایکم بەوردی دەستی بە پاکردنەوە کرد ئێمەش هەموومان هاوکاریمان کرد)،**
**(ئەرکی سەرشانی هەموومانە، نیشتیمانی خۆمان خۆشبووێت و ژینگەکەی بپارێزین).**
بەها پەروەردەییەکانی ژینگە بەتەواوی ڕەنگیانداوەتەوە لە ناوەڕۆکی بابەتی (ژینگەی کوردستان)، ئەم بابەتە لە ژانری شیعری قوتابیان پەروەردە دەکات ژینگەی کوردستانیان خۆشبووێت و بیپارێزن.
لە ناوەڕۆکی بابەتی (هێشوە ترێ) پڕ ئامانجە مەعریفییەکان ڕەنگیانداوەتەوە بە پێدانی زانیاریی لە سەر بەش و پێکهاتەکانی هێشوە ترێ، کە یارمەتی منداڵ دەدات بەشێوەیەکی زانستی بزانێت هەریەکێک لە قەدی دار، گەڵا و ڕەگ ئەرکییان چییە. هەروەها ڕەنگدانەوەی بەها پەروەردەییەکانی کەسیی وەک (شانازی و شەرەفمەندی) لە ڕستەی:
**(شانازی بە *ترمێسک و بۆڵە گەورەکانی خۆی دەکرد)،**

* وشەی (ترمێسک) لە کتێبەکەدا وا نووسراوە، لە فەرهەنگۆکەکەشدا ڕوون نەکراوەتەوە، کە واتای چی دەگەیەنێت.

بەها پەروەردەییەکانی کۆمەڵایەتی، کە لە ناوەرۆکی ئەم بابەتە ئاماژەیە بە بەیەکەوە کارکردن. یەکێک لەبەها پەروەردەییەکانی تر بریتیە لە بەهای ڕۆحی وەک (ڕاستی) و پەند و ئامۆژگاری وەرگرتن لە ڕستەی: **(ڕاستە دار بەبێ ڕەگ نابێت)** (لێژنەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، وەرزی دووەم، ٢٠٢٣، ل. ٢١- ٣٦).

**یەکەی هەشتەم** (زانست) لەم بابەتانە پێکهاتووە: (پیسبوونی ئاو، ئاو، کرمی ئاوریشم)، بەش و پێکهاتەکانی ئەم یەکەیە ناوەرۆکی بابەتەکانی لەڕووی واتا و ئامانج و مەبەستەوە پێدانی زانیارییە لە سەر ئاو، ماسی و کرمی ئاوریشم. هەروەها ناوەرۆکی بابەتەکان ئامۆژگاری و ڕێنمایی قوتابییان دەکات، کە ئاو بەفیڕۆ نەدەن و پیسی نەکەن.

لە ناو بابەت و پرۆگرامی خوێندن یان کتێبی خوێندن بەگوێرەی ئاست و تەمەنی دیاریکراو کۆمەڵێک زانیاری و زانست و مەعریفە دەدرێت بە قوتابیان، بەپێی سەرچاوە زانستیەکان جگە لە هەبوونی بەهاکان، دیزاین و دانانی پرۆگرامی خوێندن سێ لایەنی تریش دەگرێتەوە، کە بریتین لە: (بابەتە زانستی و مەعریفییەکان، گەشەپێدانی کەسایەتی، کلیلی کارامەییەکان)، لەبەر ڕۆشنایی ئەم دیزاینەی، کە دانراوە بۆ پرۆگرامی خوێندن، ئەم سێ لایەنەش لە ناوەرۆکی کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی ڕەنگیانداوەتەوە. بۆ نموونە لە یەکەی (شەشەم و حەوتەم و هەشتەمیش)دا لە ناو ئەم کتێبە زیاتر لایەنی بابەتە زانستی و مەعریفییەکان ڕەنگیانداوەتەوە (Male, 2012, P. 11 ).

لەبابەتەکانی (پیسبوونی ئاو، ئاو) لە یەکەی هەشتەمدا، جگە لە پێدانی زانیاری لە سەر ئاو و ڕووبار و ماسی، کە ئەمەش پێدانی بەهای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیە، کە لایەنی بابەتە زانستی و مەعریفییەکانە. بەها پەروەردەییەکانی ژینگەیی و تەندروستی و ڕۆحی ڕەنگیانداوەتەوە لە ناو ئەم دوو بابەتە، بۆ نموونە لە ناوەرۆکی ڕستەکانی بابەتی (پیسبوونی ئاو) بەها پەروەردەییەکانی ژینگەیی و تەندروستی ڕەنگیانداوەتەوە، کە زۆربەی ڕستەکانی ئەم بابەتە باسی پاراستن و پاک ڕاگرتنی ئاو دەکەن، بۆ نموونە ڕستەکانی:

**(بە پیسبوونی ئاو مەترسی بۆ سەر ژیان دروست دەبێت، ئاو سەرچاوەی ژیانە، مرۆژەکان بیر لە پیسبوونی ئاو ناکەنەوە)... هتد.**

هەروەها لەبابەتی (ئاو)دا بەهەمان شێوە لە ڕێگەی ژانری شیعریی، ناوەرۆکی ئەم بابەتە لە سەر ئاو زانیاری بە قوتابییان دەدات. هەروەها ڕەنگدانەوەی بەهای تەندروستی و ژینگەیی، کە هانی قوتابییان دەدات بۆ پاراستنی ئاو و بەفیڕۆنەدانی.

لەبابەتی (کرمی ئاوریشم)دا بەهەمان شێوەی بابەتەکانی تری یەکەی هەشتەم زانیاری و مەعریفە بە قوتابیان دەدات، ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەهای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیە، کە لایەنێکی گرنگی بابەتە زانستی و مەعریفییەکانە بۆ دیزاینکردنی پرۆگرامی خوێندن. بەم جۆرەش قوتابیان بە شێوەیەکی زانستی لەم جۆرە کرمە و سودەکانی، ئاگادار دەبن بۆ بەرهەمێنانی داوە ئاوریشمینیەکان و بواری پزیشکی (لێژنەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، وەرزی دووەم، ٢٠٢٣، ل. ٣٧-٥٢).

**یەکەی نۆیەم** (کۆمەڵایەتی) لەم بابەتانە پێکهاتووە: (هەڤالینی، سۆز، دایکێکی میهرەبان) بەش و پێکهاتەکانی ئەم یەکەیە ناوەرۆکی بابەتەکانی لەڕووی واتا و ئامانج و مەبەستەوە لایەنی کۆمەڵایەتین. هەڵبەت لە ناوەرۆکی بابەتەکانی ئەم یەکەیە چەند جۆرێکی بەها پەروەردەییەکان ڕەنگیانداوەتەوە، کە لە خوارەوە دەخرێنەڕوو:

بە گشتی هەرسێ بابەتی یەکەی (کۆمەڵایەتی) بابەتی کۆمەڵایەتین زیاتر بەها پەروەردەییە کۆمەڵایەتی، کەسی، ڕۆحی و کەلتورییەکان ڕەنگیانداوەتەوە.

لە بابەتی (هەڤالینی)دا بەها پەروەردەییە کۆمەڵایەتییەکانی وەک (سادەیی، هاوڕێیەتی، بەوەفایی، هاوکاری، نەرمونیانی) لە ناوەرۆکی زۆربەی ڕستەکانی ئەم بابەتە، ڕەنگیداوەتەوە. هەروەها بەها پەورەدەییە کەسی و ڕۆحییەکانی وەک (ڕاستی، خۆشەویستی، ڕەوشت بەرزی و چاکەکردن، بێبەرژەوەندی) ڕەنگیانداوەتەوە لە ڕستەکانی:

**(یا دناڤبەریا دوو کەسان ل سەر بنەمایێ ڤیان و ڕاستگۆیێ و نیەتەکا باش دهێتە ئاڤاکرن)، (هەڤالین دروست ئەوە، کو مرۆڤێ چ مەرەم و بەرژەوەندی ب وێ هەڤالینیێ نەبیت)**... هتد.

لە ناوەرۆکی بابەتی (سۆز)دا بەها پەروەردەییەکانی کەلتوری و کەسی ڕەنگیانداوەتەوە، بۆ نموونە: بەها کەلتورییەکانی وەک (ڕێزگرتن، بەگوێگرتن لە کەسانی بەئەزموون لە ڕستەکانی:

**(ئەز زارۆکەم گۆهدارم) (ژ دایک و بابەک هێژا)،**

هەروەها بەهای هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی، کە بەشێکە لە بەهای کەسی لە ڕستەکانی: **(سۆزی دەدەم بۆ هەردەم)، (ب ئالایێ زانینێ، دێ ڕۆهن کەم ڤێ ژینێ).**

هەر لەم یەکەیەدا، لە بابەتی (دایکێکی میهرەبان) کۆمەڵێک بەهای پەروەردەیی ڕەنگیانداوەتەوە، وەک: بەها ڕۆحییەکان، بەهای کەسی و کەلتوری، بۆ نموونە: بەهای ڕۆحی وەک: خۆشەویستی بە تەواوی ڕەنگیداوەتەوە لە ناوەرۆکی ئەم بابەتەدا بەوەی، کە ئەم خێزانە لە ناوەخۆ زۆر یەکترییان خۆشویستووە، هەروەها ڕەنگدانەوەی بەهای کەسی لێرەدا هەستکردنە بە بەرپرسیاریەتی لە ناوەرۆکی ڕستەکانی وەک:

**(دایکیان، بەکاری بەرگ دورین ڕۆڵەکانی پەروەردە دەکرد)،**

**(شکۆ، لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان توانایەکی زۆری هەبوو)**

**(ڕۆژەش، وەک مامۆستا منداڵانی فێری زمان و کەلتور وسرودی نیشتیمانی دەکرد).**

ڕەنگدانەوەی بەها پەرەردەییە کەلتورییەکان وەک ڕێزگرتن لە دایباب، خوشک، برا و گرنگیدان بە زمان و کەلتور و نەریتی کوردی، بۆنە نیشتیمانییەکان بە تەواوی لە ناو ئەم بابەتە ڕەنگیانداوەتەوە (لێژنەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، وەرزی دووەم، ٢٠٢٣، ل. ٥٣- ٦٦). بێگومان ئایینەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان لە پێکهێنانی کەلتورەکاندا هەبووە، ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش کاریگەری لەسەر دروستبوونی کەلتوری کۆمەڵگەی کوردی هەبووە، ئەمەش وایکردووە بەشێکی زۆری کۆمەڵگای کوردی ڕێز لە دایک و باوک و کەسانی بەساڵاچوو بگرن.

کۆتا بابەتی ناو ئەم کتێبە بریتییە لە بابەتی (ماڵئاوا پۆلی سێ) لە لاپەڕە (٦٧)، لە تەواوی ناوەرۆکی ئەم بابەتەش، بەها پەروەردەییە کەسی، کۆمەڵایەتی و ڕۆحییەکانی وەک: (خۆشەویستی، وەفا، ڕێز بۆ هاوڕێ و مامۆستا و کتێب، قوتابخانە، فێربوونی ڕەوشتی بەرز و خۆڕێکخستن) لە گشت ڕستەکانی ڕەنگیانداوەتەوە (لێژنەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، وەرزی دووەم، ٢٠٢٣، ل. ٦٧).

## ٢-٣- پێشنیاز

1. لەدانانی پرۆگرامی خوێندندا پشت بە بنەماکانی دانانی پرۆگرامی خوێندن ببەسترێت، کەتیایدا بەهاکان یەکێک بن لە بنەما سەرەکیەکان.
2. بۆ دانانی پرۆگرامەکانی خوێندن پشت بە پێنج مۆدێلە باوەکانی پرۆگرامی خوێندن ببەسترێت، کە بریتین لە (مۆدێلی تایلەر بۆ گەشەپێدانی پرۆگرامی خوێندن، مۆدێلی تابا بۆ گەشەپێدانی پرۆگرامی خوێندن، مۆدێلی جۆن گودلاد بۆ گەشەپێدانی پرۆگرامی خوێندن، مۆدێلی ویلێر بۆ گەشەپێدانی پرۆگرامی خوێندن، مۆدێلی کێرس بۆ گەشەپێدانی پرۆگرامی خوێندن.
3. پێگەیاندنی پسپۆڕ لە بواری پرۆگرامداناندا، کە خوێندنی باڵایان تەواوکردبێت. بەتایبەتیش ئەو کەسانە بن، کە پێشینەی مامۆستایاتییان هەیە.
4. بۆ ئەوەی بە بەردوامی ڕاهێنان بە مامۆستایانی هەرسێ بازنەی خوێندن بکرێت، پێویستە (هۆڵ و تیمێکی ڕاهێنان) لە ناو (بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام)دا بکرێتەوە.

## ٢-٤- ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوت کە:

1. لە زمانی کوردیدا چەمکی (پرۆگرامی خوێندن) گونجاوترین چەمکە لە بەرانبەر مەنهەج یان (Curriculum)دا بەکاربێت.
2. ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست، کە تاڕادەیەکی زۆر بەها پەروەردەییەکان پێوەری سەرەکین بۆ هەڵبژاردنی داتا، زانست و زانیارییەکان بۆ ناوەرۆکی بابەتەکانی کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی وەرزی یەکەم، دووەم، چاپی دووەم ساڵی ٢٠٢٣ دا.
3. تاڕادەیەکی زۆر جۆرەکانی بەها پەروەردەییە کەسییەکان، ڕۆحییەکان و کۆمەڵایەتییەکان، کەلتورییەکان، ژینگەییەکان، تەندروستییەکان و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە ناوەرۆکی بابەتەکانی کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی وەرزی یەکەم و دووەم، چاپی دووەم سالی ٢٠٢٣ دا ڕەنگیانداوەتەوە.
4. بۆ دیزاینکردن و دانانی ئەم کتێبە ڕەچاوی سێ لایەنەکانی دیزاین و دانانی پرۆگرامی خوێندن: (بابەتە زانستی و مەعریفییەکان، گەشەپێدانی کەسایەتی، کلیلی کارامەییەکان) کراوە.
5. ڕەنگدانەوەی بەها پەروەردەییەکانی وەک: (ئیکۆ سیستەم، دوورکەوتنەوە لە تەکنەلۆژیا، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، متمانەبەخۆبوون، ڕۆحی بەرگریکردن و بوێری، بێبەرژەوەندی، خۆگرتن و ئارامگرتن) لاوازن لە ناوەرۆکی بابەتەکانی کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی وەرزی یەکەم و دووەمدا.

6. بە پێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوت، کە: پەیوەندییەک لە شێوەی ئاوێتەبوون لە نێوان فەلسەفەی دەوڵەت، ئامانجە پەروەردەییەکان، بەها پەروەردەییەکان دا هەیە.

7. سەرەڕای هەبوونی فەلسەفەی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، بەڵام پێگەی بەها پەروەردەییەکان و ئامانجە پەروەردەییەکان لە ناوەرۆکی بنەما فەلسەفیەکانی پەروەردە و فێرکردنی هەرێمی کوردستاندا تاڕادیەک لاوازن.

## ٢-٥- لیستی سەرچاوەکان


### بە زمانی کوردی

- قورئانی پیرۆز، سورەتی المائدة، ئایەتی ٤٨.
- حکومەتی هەرێمی کوردستان. (٢٠٠٩)، سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتیەکان و سیستەمی قوتابخانە ئامادەییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر.
- صبری، ڕ، ڕ. (٢٠٢١)، بەها پەروەردەییەکان لە تێکستی شانۆی منداڵاندا- باشوری کوردستان، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر.
- علی، ڕ. (٢٠٢٣)، ڕیفۆرمی پەروەردەیی ژێرخانی گۆڕانکارییەکان، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە ٢٠٤٢، هەولێر.
- لێژنەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، وەرزی دووەم. (٢٠٢٣)، خوێندنی کوردی قۆناغی بنەڕەتی پۆلی سێیەم، وەرزی دووەم. چاپی دووەم، حکومەتی هەرێمی کوردستان-عیراق، وەزارەتی پەروەردە.
- لێژنەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، وەرزی یەکەم. (٢٠٢٣)، خوێندنی کوردی قۆناغی بنەڕەتی پۆلی سێیەم، وەرزی یەکەم. چاپی دووەم، حکومەتی هەرێمی کوردستان-عیراق، وەزارەتی پەروەردە.
- وەقایعی کوردستان. (٢٠٢٣)، یاسای ژمارە (١٣) ی ساڵی ٢٠٢٢، یاسای پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان-عێراق. ژمارە ٢٩٨، ڕۆژنامەی ڕەسمیی وەزارەتی داد دەوەری هەرێمی کوردستان.

### بە زمانی عەرەبی

- أبو صوي، س. (٢٠١٧) مفهوم المنهج الدراسي. [على الخط] يمكن الحصول علية: https://mawdoo3.com/%D9%85%D9%81%D9%87%D9%88%D9%85_%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%86%D9%87%D8%AC_%D8%A7%D9%84%D8%AF%D8%B1%D8%A7%D8%B3%D9%8A (يوم الزيارة ٢٠٢٤/٣/١١).
- الزويني، ا، ص. العروسى، ض. حاتم، ح (٢٠١٣) المنهاج و تحليل الكتب، دارصفائ للنشر والتوزيع -عمان

### بە زمانی ئینگلیزی

- Beauchamp, G, A. (1975) *Curriculum Theory*. Third edition. James white library Andrews University, United States Of America.
- Gamage, K, A.A. Dehideniya, S, C.P.K. (2021) The *Role of Personal Values in Learning Approaches and Student Achieveme*. Behavioral Sciences. July 2021 DOI: 10.3390/bs11070102.
- Male, B. (2012) *The Primary Curriculum Design Handbook: Preparing our Children for the 21st Century*. Continuum International Publishing Group. London. New York.
- Türkkahramana, M. (2014) *Social values and value education*. 5th World Conference on Educational Sciences - WCES 2013. Procedia - Social and Behavioral Sciences 116 ( 2014 ) 633 – 638, Akdeniz University, Antalya 07058, Turkey.
- Saeed, H. H. (2017). Initial Teacher Training for Early Childhood Education in Poland and Iraqi Kurdistan A Comparative Study. PhD Thesis, University of Warsaw.

### ماڵپەڕەکان

- Cambridge Dictionary. (2000) *Synonyms and antonyms of curriculum in English*. [Online]. Available at: https://dictionary.cambridge.org/thesaurus/curriculum (Accessed: 11 December 2024).
- Ehsan, S. Ayub, A. Sadiq, A .(2024) *Medical students' knowledge about curriculum development and implementation in public and private medical institutes*. [Online]. Available at: https://pubmed.ncbi.nlm.nih.gov/38196470/ (Accessed: 19 January 2024).
- Elkind, D. (2010) *The History of Early Childhood Education*. [Online]. Available at: https://www.communityplaythings.com/resources/articles/history-of-early-childhood-education (Accessed: 14 April 2024).
- JU'S Exam Prep. (2023) *UGC NET Study Notes on Value Education*. [Online]. Available at: https://byjusexamprep.com/ugc-net/ugc-net-study-notes-on-value-education (Accessed: 10 January 2024).
- Neendoor, S. (2024) *5 Popular Curriculum Development Models You Should Know*. [Online]. Available at: https://www.hurix.com/popular-curriculum-development-models-you-should-know/ (Accessed: 10 December 2024).
- Raj, T. Chauhan,P. Mehrotra, P. Sharm, M. (2022). *Importance of Critical Thinking in the Education*. World Journal of English Language Vol. 12, No. 3; 2022, Special Issue. [Online]. Available at: https://www.researchgate.net/publication/359800768_Importance_of_Critical_Thinking_in_the_Education (Accessed: 10 January 2024).
- Sharma, S. (2024) *Value Education: Why It Matters and How to Cultivate Values*. [Online]. Available at: https://ishiksha.net/value-education/ (Accessed: 05 January 2024).

**القيم التربوية في مضامين موضوعات كتاب الكوردية للصف الثالث الابتدائي**

**هفال حسين سعيد**
قسم اللغة الكورديه، كلية التربية الأساس، جامعة صلاح الدين-
أربيل،أربيل،أقليم كوردستان،العراق
**haval.saeed@su.edu.krd**

**الملخص**
يتناول هذا البحث القيم التربوية الموجودة في محتويات موضوعات. كتاب القراءة الكوردية للصف الثالث الابتدائي للفصلين الدراسيين، الأول والثاني - الطبعة الثانية، ٢٠٢٣ أنموذجاً - يبدأ البحث بالجانب النظري موضحاً الأبعاد والمفاهيم والمصطلحات المهمة المتعلقة بالموضوع الاساس للبحث، وبعد ذلك يتناول الوثائق الخاصة به، معتمداً على نظرية العالم التربوي الكندي ( جون گودلاد ) لتنمية المناهج التعليمية، بغية إجراء تحليل عميق المضامين موضوعات الكتاب المذكور، وبيان مدى انعكاس أنماط القيم التربوية فيه الشخصية منها، والاجتماعية ، والروحية والتراثية، والبيئية والصحية، كذلك لإظهار ومدى إثارة التفكير النقدي في محتويات هذا الكتاب، وسار البحث تحت ضوء المنهج الوصفي والتحليلي من أجل الوصول إلى أهدافه، و نتائجه، ويتجسد السؤال الرئيس (مشكلة البحث) في الإجابة عن عن مدى تجلي أنواع هذه القيم التربوية في موضوعات هذا الكتاب و بهذا الشأن وصل البحث الى أن نسبة جيدة منها تتجلى. في موضوعاته ، وثمة ضعف لتجلي بعض القيم فيه.
**الكلمات المفتاحية:** القيم التربوية، المناهج الدراسية، كتاب اللغة الكردية للصف الثالث الابتدائي، نظرية جون جودلاد.

# Educational Values in the Contents of Topics in the Kurdish Book for the Third Grade of Primary School

**Haval Hussein Saeed**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education,
Salahaddin University-Erbil. Erbil, Kurdistan Region, Iraq
**haval.saeed@su.edu.krd**

**Abstract**
This study examines the educational values embedded in the content of the Kurdish textbooks for third-grade primary school students. Specifically, it focuses on the first and second semesters of the second edition of the textbooks used in 2023.
The initial chapter of this research provides a theoretical explanation of the vital dimensions, concepts, and terms associated with the major research issue. Then, the research conducts a thorough analysis of the content of Kurdish textbooks, drawing on the curriculum development theory of Canadian educator John Goodland. The aim is to identify and examine the various educational values, including personal, social, spiritual, cultural, environmental, health, and critical thinking, that are evident in the content of the textbooks.
The study objectives were accomplished through the employment of descriptive and analytical methods. The primary focus of this research is to determine the degree to which the educational values are evident in the content of the Kurdish textbooks designed for third-grade students in primary school. The research findings indicate that while there is a limited representation of certain educational values, the material of the textbooks largely encompasses types of educational values.

**Key Words:** Educational Values, Curriculum, Kurdish Textbook Grade Third Primary, John Goodland's Theory.